گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
https://doi.org/10.26750/j2zv3t14

ڕێـكـەوتـی وەرگـرتـن: 10/05/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 11/07/2024
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/12/2025

# پرسە جیهانییەکان لە ڕوانگەی تیۆری لیبراڵیزمەوە: چڕبیری لەسەر پرسە ناسەربازییەکان

**کۆسرەت خدر ابوبکر[١] - ئەنوەر مەحەمەد فەرەج[٢]**

anwar.faraj@uhd.edu.iq kosrat.khidir@uor.edu.krd

[١+٢] بەشی زانستە ڕامیارییەکان، کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**

پرسە جیهانییەکان وەک چۆن لەسەر ئاستی پراکتیکی دەکەونە چەقی گرنگیپێدانەکانی سیاسەتی جیهانی، لەسەر ئاستی تیۆریش پێگەیەکی گرنگ لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دەگرن. لە کاتێکدا ئەدەبیاتی تیۆری ڕیاڵیزم، پرسە جیهانییەکان پۆلێن دەکات بەسەر پرسەکانی سیاسەتی بەرز و سیاسەتی نزم، بەڵام کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە ئایا ئاراستە تیۆرییە لیبراڵەکان لەگەڵ ئەو تێگەیشتنە هاوڕان؟ بۆیە وەڵامی ئەو پرسیارە و ڕونکردنەوەی چییەتی و چۆنیەتی ڕوانگەی ئاراستە تیۆرییە لیبراڵەکان سەبارەت بە پرسە گەورە و گرنگەکانی جیهان، ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە دەبێت. لەو پێناوەدا توێژینەوەکە پشت بە چەند گریمانەیەکی سەرەکی تیۆری لیبراڵیزم دەبەستێت بەتایبەت سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی هەبونی ڕیزبەندییەکی هەرەمی بۆ پرسە جیهانییەکان یاخود پۆلێنکردنیان بەسەر پرسەکانی پەیوەست بە سیاسەتە بەرز و سیاسەتە نزمەکاندا. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە ئاراستە تیۆرییە لیبراڵەکان باوەڕی تەواویان بەوە هەیە کە سەرکەوتنی هاریکاری سەبارەت بە پرسە هونەری و تەکنیکییەکان ئاسانترە، ئەو سەرکەوتنەش یارمەتیدەر دەبێت لەپێناو فراوانکردنی هاریکارییەکان بۆ چارەسەرکردنی پرس و تەنگەژە سیاسی و سەربازی و ستراتیژییە گەورەکانی جیهان. بەو جۆرە لەپێناو وەڵامدانەوەی پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە و بەدیهێنانی ئامانجەکانی و سەلماندنی گریمانە سەرەکییەکانی، توێژینەوەکە پشت بە هەریەک لە میتۆدەکانی ئەنجامگیری Deductive Method، شیکاری و بەراوردکاری دەبەستێت. بۆ ئەو مەبەستە توێژینەوەکە بەسەر دو باسی سەرەکیدا دابەشدەکرێت و هەر باسێک دو تەوەرەی سەرەکی لەخۆیدەگرێت. بەهۆی کەمی توێژینەوەی زانستی دەربارەی ئەو بابەتە بە زمانی کوردی و لەبەرئەوەی توێژینەوەکە پشت بە کۆمەڵێک سەرچاوەی ڕەسەن بە زمانی ئینگلیزی دەبەستێت و بە کۆمەڵێک دەرئەنجامی زانستی سودبەخش دەگات، گرنگییەکی تایبەتی بۆ ناوەندی ئەکادیمی کوردی دەبێت.

**کلیلە وشەکان:** پرسە جیهانییەکان، لیبراڵیزم، لیبراڵیزمی نمونەیی، ئاشتی دیموکراسی، لیبراڵیزمی نوێ

# Global Issues in the Perspective of Liberal Theory: A focus on Non-Military Issues

**Kosrat Khdir Abubakr[1] - Anwar Mohammed Faraj[2]**

[1+2]Department of Philosophy and Development, College of Humanity Sciences, University of Raparin, Rania Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

Global issues play a central role in world politics on in practice, and they also hold a prominent place in the theoretical literature on international relations research. While the literature on realism divides global issues into high-policy and low-policy issues, the main question with this study is whether liberal theoretical orientations concur with that belief? The main aim of the study will be to answer this question and clarify what and how liberal theoretical perspectives address major global issues. With this objective in mind, the study relies on several key assumptions of liberal theory, especially regarding the rejection of pyramid hierarchy of global issues or their classification into high-policy and low-policy issues. Nonetheless, certain liberal theoretical stances firmly hold that collaboration on artistic and scientific matters is more successful and that this kind of achievement would foster greater cooperation in resolving global political, military, and strategic concerns and crises. Consequently, in order to answer the main question of the study, achieve its objectives and prove its main hypotheses, the research depends on each of the methods of deductive method, analysis and comparative method. In order to achieve this, the paper is divided into two main discussions, each with two main themes. This research will be very important to Kurdish academic center because there isn't much scientific research on the topic in Kurdish. It also has some valuable scientific results because it draws on several original sources in English.

Key words: Global Issues, Liberalism, Ideal Liberalism, Democratic Peace, Neoliberalism.

## پێشەکی

هەندێک لە تیۆرەکانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان سروشتی مرۆڤ و دەوڵەتان بە خۆپەرستانە و بارودۆخی نێودەوڵەتیش هاوشێوەی دۆخێکی پاشاگەردانی و شەڕەنگێزانە دەبینن. هەروەک ململانێ لەسەر پرس و بابەتەکان؛ بەتایبەتمەندی هەرە دیاری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەزانن و بواری گۆڕانکاری لەو ڕاستیانەش بە بەرتەسک دەبینن. بەڵام ڕوانگەی تیۆری لیبراڵیزم لەسەر بنچینەیەکی گەشبینانە بۆ ئەکتەر، کارلێک، پەیوەندیی و پرسە جیهانییەکان بیناکراوە، بەو شێوەیە سەیری جیهان دەکات کە پێویستە بهێنرێتەدی یاخود لە دۆخی جەنگ و ململانێی توندەوە، بەرەو هاریکاری و هەماهەنگی سەبارەت بە تەنگەژە و پرسە جیهانییەکان بگوازرێتەوە.

لە کاتێکدا ئەدەبیاتی زاڵ لەناو لێکۆڵینەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، پرسە نێودەوڵەتییەکان بە ڕیزبەندییەکی هەرەمی دابەشدەکات بەسەر هەردو ئاستی پرسە باڵا و پرسە نزمەکاندا، بەو مانایەی کە کۆمەڵێک پرسی سەربازی و ئاسایشی و ستراتیژی گرنگ دەخەنە چوارچێوەی سیاسەتە باڵاکان و پرسە ناسەربازییەکانی دیکەش دەخاتە ژێر چەتری سیاسەتە نزمەکان. بەڵام ئەو بۆچونە لە ڕوانگەی تیۆری لیبراڵیزمدا وەرچەرخانێکی گرنگ بەخۆیەوەدەبینێت. لیبراڵیزم وای نابینێت کە پرسە جیهانییەکان بەڕیزبەندییەکی هەرەمی بەسەر پرسەکانی پەیوەست بە سیاسەتی بەرز و سیاسەتی نزمدا پۆلێن یان ڕیزبەندبکرێن، یاخود بەلای دەوڵەتان و ئەکتەرەکانی سیاسەتی جیهانییەوە بەتەنها پرسە ستراتیژی و سەربازی و ئاسایشییەکان گرنگ و پرسە ناسەربازییەکانی دیکە لاوەکی بن. بەڵکو لە ڕوانگەی تیۆری لیبراڵیزمدا کۆمەڵێک پرسی ناسەربازی جیهانی هەیە کە هەندێکجار ئاستی گرنگیدان پێیان لەلایەن دەوڵەت و ئەکتەرە جیهانییەکانەوە دەخرێتە سەروی پرسە سەربازی و ئاساییشیەکان، لەوانەش پرسە ئاکاری، ئابوری و ژینگەییەکان. بۆ نمونە ژینگە یەکێکە لەو پرسانەی کە لە ڕوانگەی لیبراڵیزمدا، گرنگییەکی باڵای پێدەدرێت و وایدەبینن کە بەردەوامبونی پیسبونی ژینگەی جیهان و لێکەوتە و دەرهاویشتەکانی ئەگەر چارەسەرنەکرێن؛ مەترسی لەسەر ئاسایشی مرۆیی و جیهانی دروستدەکەن. لەلایەکی دیکەوە، بڵاوکردنەوەی دیموکراسی و بەدیهێنانی ئاشتی جیهانی و دەستێوەردان لەپێناو پاراستنی یاسای نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤ، گرنگی تایبەتی پێدەدرێت.

تیۆری لیبراڵیزم؛ لە مێژویی پەرەسەندنی زانستی خۆیدا، بۆ چەند ئاڕاستەیەکی تیۆری دابەش دەبێت کە سەرەکیترینیان بریتین لە (لیبراڵیزمی نمونەیی نێودەوڵەتی، لیبراڵیزمی نوێ و لیبراڵیزمی ئاشتی دیموکراسی). ئەگەرچی ئەو ئاڕاستە تیۆریانە لە هەندێک بنەما، گریمانە و لێکدانەوەدا هاوبەشن؛ بەڵام لە هەندێک وردەکاریدا لەیەکتری جیادەبنەوە. ئەم توێژینەوەیە تەرخاندەکرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕوانگەی ئەو ئاڕاستە تیۆرییە لیبراڵانە سەبارەت بە هەندێک لە پرسە گرنگە جیهانییەکان و بەتایبەتر دەربارەی پرسی ناسەربازییەکان.

## گرنگی توێژینەوەکە

لەبەرئەوەی توێژینەوەکە پشت بە کۆمەڵێک سەرچاوەی ئەکادیمی ڕەسەن بە زمانی ئینگلیزی دەبەستێت و، بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی ڕوانگەی ئاراستە سەرەکییەکانی تیۆری لیبراڵیزم بۆ پرسە جیهانییەکان و بەتایبەت پرسی ژینگە شرۆڤە دەکات، ئەمە سەرەڕای خستنەڕوی کۆمەڵێک دەرئەنجامی ئەکادیمی بەپێز، ئەم توێژینەوەیە گرنگی ئەکادیمی و کرداری بەرچاوی دەبێت، بەتایبەت بەهۆی کەمی توێژینەوەی ئەکادیمی ڕەسەن بە زمانی کوردی سەبارەت ڕوانگەی تیۆری لیبراڵیزم بۆ پرسە جیهانییە گرنگەکان بەگشتی و پرسە ناسەربازییەکان بەتایبەتی.

## ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەرخستنی چییەتی و چۆنیەتی ڕوانگە و گریمانە سەرەکییەکانی ئاراستە تیۆرییەکانی لیبراڵیزم سەبارەت بە پرسە گرنگ و گەرمەکانی جیهان، بەتایبەت سەبارەت بە پرسە ناسەربازییەکانی لەشێوەی پرسە ئاکاریی، ئابوریی و ژینگەییەکان و، گەڕان بەدوای وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەدا.

## پرسیارەکانی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە چەند پرسیارێکی سەرەکی و لاوەکی لەخۆیدەگرێت، **پرسیارە لاوەکییەکان** ئەوەیە کە ئایا ئاڕاستە سەرەکییەکانی تیۆری لیبراڵیزم کامانەن؟ کامانەن ئەو پرسانەی کە لە ڕوانگەی ئەو ئاڕاستە تیۆریانەدا گرنگی بە شرۆڤەکردن و شیکارکردنیان دەدرێت؟ بەڵام **پرسیاری سەرەکی** توێژینەوەکە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ئایا تیۆری لیبراڵیزم پۆلێنبەندی بۆ پرسە جیهانییەکان لە سیاسەتی جیهانیدا بەسەر پرسەکانی سیاسەتی بەرز و سیاسەتی نزمدا

پەسەند دەکات یاخود ڕەتی دەکاتەوە؟ یاخود بە مانایەکی دیکە ئایا تیۆری لیبراڵیزم باوەڕی بەوە هەیە کە پرسە سەربازی، ئاسایشی و ستراتیژییەکان پێگە و شوێنێکی باڵاتر لە سیاسەتی جیهانیدا داگیربکەن و لە بەرامبەردا پرسە ناسەربازییەکان و بەتایبەتتر پرسە ژینگەییەکان؛ پێگە و شوێنی نزمتر لە سیاسەتی ئەکتەرە جیهانییەکاندا بگرن یاخود نەخێر؟

## گریمانەکانی توێژینەوەکە

لەپێناو وەڵامدانەوەی پرسیارە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە و بەدیهێنانی ئامانجە سەرەکییەکانی؛ توێژینەوەکە پشت بە سێ گریمانەی سەرەکی ئاراستە تیۆرییە لیبراڵەکان سەبارەت بە پرسە جیهانییەکان دەبەستێت:

١- پرسەکانی سیاسەتی جیهانی، کۆمەڵێک پرسی گرنگ و هەمەجۆر لەخۆیان دەگرن بەبێ ئەوەی ئەو پرسانە بە ڕیزبەندییەکی هەرەمی یاخود پلەبەندی دابەشببن بەسەر پرسەکانی پەیوەست بە سیاسەتە باڵا و سیاسەتە نزمەکاندا.

٢- سەرکەوتنی دەوڵەت و ئەکتەرە نادەوڵەتییە جیهانییەکان لە چارەسەرکردنی پرسە تەکنیکی، ئابوری و ژینگەییەکان؛ کاریگەری ڕاستەوانەی دەبێت لەسەر چارەسەرکردنی پرسە سیاسی و سەربازی و ستراتیژییە جیهانییەکان.

٣- هەتاوەکو دیموکراسی زیاتر لە سەرانسەری وڵاتانی جیهان بڵاوببێتەوە، ئەگەرەکانی گەیشتن بە چارەسەرکردنی تەنگەژە جیهانییەکان و بەدیهێنانی ئاشتی هەمیشەیی جیهانی زیاتردەبێت، لە بەرامبەردا ململانێ، جەنگ و بەریەککەوتنە سەربازییەکان لەنێوان دەوڵەتە دیموکراسییەکاندا سەبارەت بە پرسە جیهانییەکان کەمتر دەبێتەوە.

## میتۆدەکانی توێژینەوەکە

تاوەکو بتوانرێت وەڵامێکی گونجاو بۆ پرسیارەکانی پەیوەست بە کێشەی توێژینەوەکە بدرێتەوە و ئامانجە دیاریکراوەکانی بەدیبهێنرێن و گریمانەکانی توێژینەوەکە بە ئەرێ یاخود نەرێ بسەلمێندرێن، توێژینەوەکە پشت بە چەند میتۆدێکی سەرەکی دەبەستێت، لەوانە:

- میتۆدی ئەنجامگیری Deductive Method: ئەم میتۆدە بەکاردەهێنرێت لەپێناو تاقیکردنەوە و هەوڵدان بۆ سەلماندنی گریمانە سەرەکییەکانی ئاراستە تیۆرییە لیبراڵییەکان سەبارەت بە نکوڵیکردن لە هەبونی ڕیزبەندییەکی هەرەمی و پلەبەندی بۆ پرسە جیهانییەکان، کاریگەری ئەرێنی چارەسەرکردنی پرسە تەکنیکی و ژینگەیی و ناسیاسییەکان لەسەر چارەسەرکردنی پرس و تەنگەژە سیاسی و سەربازی و ستراتیژییەکان.

- میتۆدی شیکاری: ئەم میتۆدە بەکاردەهێنرێت لەپێناو شیکارکردن و شرۆڤەکردنی ڕای زانایان و تیۆرسێنە لیبراڵەکان و هەندێکجار ڕەخنەکردنی هەندێک لە زانیاری و بیرۆکە وەرگیراوەکانی پەیوەست بە ئاراستە تیۆرییە لیبراڵەکان سەبارەت بە پرسە جیهانییەکان.

- میتۆدی بەراوردکاری: بۆ بەراوردکردنی ڕوانگەی ئاراستە تیۆرییە لیبراڵەکان سەبارەت بە پرسە جیهانییەکان بەکاردەهێنرێت.

## پەیکەری توێژینەوەکە

توێژینەوەکە جگەلە پوختە، پێشەکی و دەرئەنجامەکان؛ دابەشدەکرێت بەسەر دو باسی سەرەکیدا. لە باسی یەکەمدا و لە چوارچێوەی دو داخوازدا، لە ڕوانگەی هەریەکە لە لیبراڵیزمی نمونەیی نێودەوڵەتی و لیبراڵیزمی ئاشتی دیموکراسی بۆ پرسە جیهانییەکان دەتوێژرێتەوە. هەرچی باسی دوەمە، تەرخان دەکرێت بۆ توێژینەوە لە ڕوانگەی لیبراڵیزمی نوێ سەبارەت بە پرسە جیهانییەکان، بەجۆرێک لە داخوازی یەکەمدا توێژینەوە دەربارەی ڕوانگەی لیبراڵیزمی دامەزراوەیی و لە داخوازی دوەمیشدا، ڕوانگەی لیبراڵیزمی دامەزراوەیی نوێ بۆ پرسە جیهانییەکان و بەتایبەت پرسی ژینگە دەکرێت.

باسی یەکەم: پرسە جیهانییەکان لە ڕوانگەی لیبراڵیزمی نمونەیی و ئاشتی دیموکراسیدا

هەریەکە لە لیبراڵیزمی نمونەیی و ئاشتی دیموکراسی؛ وەک دو لە ئاراستە تیۆرییە سەرەکییەکانی تیۆری لیبراڵیزم؛ بەبێ کێشانی هێڵێکی جیاکەرەوەی دیار لەنێوان پرسە نزم و باڵاکاندا، وایدەبینن کە دەوڵەت و ئەکتەرە جیهانییەکان لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا گرنگی بە کۆمەڵێک پرسی جۆراوجۆر دەدەن کە مەرج نییە ئەو پرسانە بە تەنها پرسی سەربازی و ئاسایشی بن، بەڵکو دەکرێت پەیوەندیداربن بە کۆمەڵێک بابەتی مۆراڵی و ژینگەیی و بەدیهێنانی دیموکراسی و ئاشتی جیهانی. لە چوارچێوەی ئەم باسەدا زیاتر لەسەر شرۆڤەکردنی ئەو پرسانە لە ڕوانگەی هەر یەکێک لەو ئاراستە تیۆریانەدا؛ دەوەستین.

**داخوازی یەکەم: پرسە جیهانییەکان لە ڕوانگەی لیبراڵیزمی نمونەیی**

لیبراڵیزمی نمونەیی کە زۆرجار بە "لیبراڵیزمی ئایدیاڵی Ideal Liberalism" ناودەبرێت، ئاراستەیەکی تیۆری سەرەکی و بنچینەیی تیۆری لیبراڵیزمە بۆ لێکدانەوەی پەیوەندی و پرسە نێودەوڵەتی و جیهانییەکان. ڕوانگەی سەرەکی ئەم ئاراستە تیۆرییە لەسەر ڕوانگەیەکی گەشبینانە یاخود نمونەیی و ئایدیاڵی بۆ سروشتی مرۆڤ و توانستی یاسا و دامەزراوەکان بۆ ڕێکخستنی جیهان و بەدیهێنان و پێشخستنی هاریکاری و ئاشتی جیهانی و بەرەنگاربونەوەی هەڕەشە و پرسە مەترسیدارە جیهانییەکان بیناکراوە.

لەسەر بنەمای ڕوانگەی گەشبینانیان بۆ سروشتی مرۆڤ، لایەنگرانی لیبراڵیزمی نمونەیی باوەڕێکی بەهێزیان بەوە هەیە کە دەوڵەت و دامەزراوە و ئەکتەرەکانی سیاسەتی جیهانی وەک درێژکراوەی سروشتی مرۆڤ؛ لە ڕەفتارەکانیاندا گرنگییەکی باڵا بە پرسەکانی پەیوەست بە مۆراڵ و ئەخلاقی جیهانی دەدەن. باوەڕیان وایە گرنگیدان بەو پرسانە خزمەتی سەرەکی بەرژەوەندییە باڵاکانی سیاسەتی جیهانی دەکات. چارلز کیگلی Charles W. Kegley؛ وەک یەکێک لە تیۆرسێنەکانی لیبراڵیزمی نمونەیی نوێ؛ لە کتێبی "مشتومڕەکان لە تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا: ڕیاڵیزم و ئاڵنگاری لیبراڵیزمی نوێ Controversies in International Relations Theory: Realism and the Neoliberal Challenge" دا؛ جەخت دەکاتەوە کە سروشتی مرۆڤەکان لە بنەڕەتدا خێرخوازییە و باوەڕیان بە خۆشگوزەرانی ئەوانی دیکە هەیە، بۆیە توانستی هاریکاری و یارمەتیدانیان لەگەڵ یەکتریدا هەیە، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ پێشکەوتن و پێشخستنی شارستانییەتی مرۆڤایەتی (Kegley, 1995, 4). لەسەر ئەو بنچینەیەیە کە لیبراڵیزمی نمونەیی؛ پێداگری لەسەر پابەندبونی تاک و دەوڵەتەکان بە پاراستن و خزمەتکردنی کۆمەڵێک پرەنسیپ و بنەمای ئەخلاقی و یاسایی دەکاتەوە، باوەڕیان وایە ئەکتەرەکانی سیاسەتی جیهانی بەدوای بەدیهێنانی کۆمەڵێک ئامانجی ئایدیاڵی و هاوبەش و مرۆیی باڵادا دەگەڕێن؛ نەک هەوڵی جەنگ و کوشتار بدەن. نمونە بەوە دەهێننەوە کە کۆمەڵەی گەلان و نەتەوە یەکگرتوەکان و کارنامەکانیان وەک دو دامەزراوەی جیهانی گەورە، هاوکات کارنامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی دیکەش ڕۆڵی کاریگەرییان هەبوە لەسەر کەمکردنەوەی جەنگ و پێکدادانە سەربازییەکان لەنێوان دەوڵەتاندا. بەو جۆرە باوەڕیان وایە کە بەلای دەوڵەت و تاکەکانەوە جەنگ دیاردەیەکی نەخوازراو و نەگریسە، ئەو ناکۆکییە سەربازییانەش کە ڕودەدەن بە باوەڕی ئەوان دەرهاویشتەی ژینگە و بارودۆخی نێودەوڵەتییە نەک ئەوەی سروشتی مرۆڤ و دەوڵەتەکان و ئەکتەرە جیهانییەکان شەڕەنگێزانە بێت، بەڵکو تاک و دەوڵەتەکان زۆرترین هەوڵ و تێکۆشانیان لەپێناو چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکیی و تەنگەژە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانە بەخێراترین شێوە (توفیق، ٢٠٠٩، ٨٤_٨٥). ئەو بۆچونە تارادەیەکی زۆر ئایدیاڵییە، چونکە لە ڕاستییدا دەوڵەتان زیاتر لە ڕوانگەی بەرژەوەندی و پێویستییەکانی خۆیانەوە مامەڵە لەگەڵ پرس و بابەتەکاندا دەکەن، مەرج نییە هەمیشە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە و تەنگەژە سیاسییەکان بدەن، بەڵکو دەکرێت زۆرجار هەندێک لە دەوڵەتەکان هۆکاری سەرهەڵدانی کێشەکان یاخود بەردەوامیکێشانی تەنگەژە سیاسییەکان بن،

بەجۆرێکی وا کە هەندێکجار دامەزراوە جیهانییە گەورەکانی لە شێوەی نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراو و دامەزراوە سنوربڕە نیشتیمانییەکانی دیکەش ناتوانن سنور بۆ هەندێک لە ڕەفتار و سەرکێشی و سەرپێچییەکانی دەوڵەتان دابنێن. بەردەوامی جەنگ و کوشتاری بەرفراوان و پێشێلکاری بەرچاوی یاسای نێودەوڵەتی و بنەما و پرەنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ لە جەنگی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین، ڕوسیا و ئۆکرانیا و کاریگەری نەرێنی بەرچاوی ئەو جەنگانە لەسەر سروشت و ژینگە و ژیانی ژمارەیەکی زۆری خەڵک، لەو ڕووەوە نمونەی بەرچاون.

هەرچەندە لیبراڵیزمی نمونەیی؛ دان بە پاشاگەردانیبونی سیستەمی نێودەوڵەتیدا دەنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێیانوایە کە هۆشیاری کۆمەڵایەتی و بنەما و بەها مۆراڵییە هاوبەشەکانی نێوان مرۆڤەکان، ڕەنگدانەوەیان لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی هەیە. بەجۆرێک دەتوانرێت لەسەر ئەو بنچینەیە ئەگەری نەهێشتنی پاشاگەردانی، بونیادنانی هاریکاری، پێکەوەژیان، خۆشگوزەرانی و ئاشتی پێشبینی بکرێت (Fernandes, 2016, 15. & Alshdaifat, 2020, 359). بەو جۆرە باوەڕیان وایە کە بڵاوبونەوەی بەها ئەخلاقییە هاوبەشەکان لەناو تاک و دەوڵەت و ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکاندا، کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی پێکەوەگونجاوی جیهانی ئاشتیخواز (توفیق، ٢٠٠٩، ٨٦).

تیۆری لیبراڵیزمی نمونەیی لەوەدا هاوڕایە لەگەڵ تیۆری ڕیاڵیزم کە ئەکتەرەکان بەشێوەیەکی سەربەخۆ و ئەقڵانیانە بەدوای پاراستن و زیادکردنی بەرژەوەندییەکانیاندا دەگەڕێن. بەڵام جیاوازییەکی بەرچاویان هەیە سەبارەت بە چۆنیەتی هەوڵدان بۆ پاراستن و زیادکردنی ئەو بەرژەوەندییانە. لە ڕوانگەی مۆرگنساو وەک تیۆرسێنێکی ڕیاڵیستی؛ دەوڵەتەکان بۆ ئەوەی هێز و بەرژەوەندی نەتەوەییان بەرەوپێشەوە ببەن، پێویستیان بەوەیە کە دەستبەسەر سەرچاوەی زیاتردا بگرن، لەبەرئەوەی سەرچاوە بەردەستەکان سنوردارن، هەمیشە ئەگەری کێبڕکێ و ململانێ و هەتا ڕودانی جەنگەکانیش کراوە دەبێت. بەڵام لە ڕوانگەی لیبراڵیزمی نمونەیی نوێدا؛ جەنگ دەرئەنجامێکی حەتمی کێبڕکێکان نییە، بەڵکو ئەوەی حەتمییە بریتییە لە ڕودانی هاریکاری نێودەوڵەتی بۆ زیادکردنی سەرچاوەکان و دابەشکردنەوەیان، هەر بەو ڕێگایەشە کە بەدیهێنانی بەرژەوەندی هاوبەش بە مومکین دەزانن. وەک ئەوەی ئیمانوێل کانت Immanuel Kant؛ پێیوایە کاتێک دەوڵەتەکان بەشداری بازرگانی هاوبەش دەکەن، ئەنجامەکەی قازانجی دولایەنە و کەمتربونەوەی جەنگ و کێبڕکێکانە و لە دەرئەنجامیشدا پەرەسەندنی ئاشتی لێدەکەوێتەوە. بەو جۆرە؛ بەرژەوەندی هاوبەشی ئابوری و بڵاوکردنەوەی ئاشتی جیهانی لایان؛ هێندەی چەمکی هێز و بەرژەوەندی نەتەوەیی لای ڕیاڵیزم گرنگە؛ هەتا ئەو ئاستەی کە باوەڕیان وایە گرنگیدان بەو پرسانە، هاندەر و یارمەتیدەری سەرەکییە لەپێناو گەشەپێدانی هاریکاری زیاتر و پەرینەوە بەرەو جیهانێکی سەقامگیرتر و ئارامتر (Realism and Idealism In International Relations, 2023).

گرنگە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە لە ڕوانگەی تیۆری لیبراڵیزمی نمونەییدا؛ پرسی ئاسایشی بەکۆمەڵ گرنگییەکی باڵای هەیە، ئەمەش بەتایبەت لەپێناو ڕێگری لە هەڵگیرسانەوەی جەنگە جیهانییە گەورەکانی هاوشێوەی جەنگی یەکەم و دوەمی جیهانی. ودرۆ ویلسۆن Woodrow Wilson سەرۆکی پێشوتری ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، لە ڕاگەیەندراوە ١٤ خاڵییەکەیدا کە لە ٨ی کانونی دوەمی ١٩١٨ بۆ کۆنگرێسی وڵاتەکەی خستیەڕو؛ ڕوانگەی نمونەیی خۆی بۆ بارودۆخی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و هێنانەئارای ئاشتییەکی جیهانی دەخاتەڕو. تیایدا جەخت لەسەر پێکهێنانی دامەزراوەیەکی باڵای جیهانی (کۆمەڵەی گەلان) لەپێناو بەدیهێنانی ئاسایشی بەکۆمەڵ و ڕێگریکردن لە هەڵگیرسانی جەنگە گەورەکانی هاوشێوەی جەنگی یەکەمی جیهانی؛ دەکاتەوە (The Fourteen Points: Woodrow Wilson and the U.S. Rejection of the Treaty of Versailles, 2023). بەو جۆرە بیرۆکەی ئاسایشی بەکۆمەڵ لای

لیبراڵیزمی نمونەیی کلاسیک لە بەرامبەر ڕوانگەی ڕیالیزم بۆ هاوسەنگی هێز دەوەستێت. ئەگەر ڕیالیزم پشتگیری لە هاوسەنگی هێز دەکات و جەوهەرەکەی ململانێ و کێبڕکێی نێوان هاوپەیمانێتییە جیاوازەکان لەخۆیدەگرێت. لیبراڵیزمی نمونەیی جەخت لەسەر بیرۆکەی "ئاسایشی بەکۆمەڵ؛ Collective Security" دەکاتەوە (ئەلعیقابی، ٢٠٠٨، ١٧٠ و ١٨٦).

لەلایەکی دیکەوە؛ لەبەرامبەر گرنگیدان بە چەمکی بەرژەوەندی نەتەوەیی وەک سیاسەتی باڵا لای ڕیالیزم، لیبراڵیزمی نمونەیی؛ پێداگری لەسەر بیرۆکەی (پێکەوەگونجانی بەرژەوەندییەکان؛ Harmony of Interests) دەکاتەوە. بەو مانایەی کە وایدەبینن سازانێکی سروشتی لەنێوان بەرژەوەندی باڵای تاک و کۆمەڵ و دەوڵەتەکاندا هەیە. بۆ بەهێزکردنی ئەو بۆچونەشیان پرسی ئاشتی بە نمونە دەهێننەوە کە بەدیهێنانی ئەو پرسە لە خزمەت بەرژەوەندی هەمو دەوڵەتەکان دایە. بۆیە هەر دەوڵەتێک هەوڵی بەدیهێنانی ئاشتی نەدات یاخود کۆسپی بۆ دروست بکات، گوزارشتە لەسەر ئەوەی کە ئەو دەوڵەتە دەوڵەتێکی ناعەقڵانییە و لە پێودانگ و پرەنسیپە ئەخلاقییەکان لای داوە (فەرەج، ٢٠١٨، ٧٤). بەو جۆرە ڕوانگەی لیبراڵیزمی نمونەیی؛ ڕوانگەیەکی گەشبینە. باوەڕی بە ئاسایشی بەکۆمەڵ و پێکەوەگونجانی بەرژەوەندییەکان و بەدیهێنانی ئاشتی جیهانی هەیە. توێژەر هیدلی بوڵ Hedley Bull؛ ڕوانگەی بەشێک لە نوسەر و توێژەرانی لایەنگری لیبراڵیزمی نمونەیی/ ئایدیالی لەوەدا پوخت دەکاتەوە، کە ئومێدێکی بەهێزیان بە بیرۆکەی پێشکەوتن و پەرەسەندنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەرەو جیهانێکی ئارام و سەقامگیر هەیە؛ لەو نێوەندەشدا پێکهێنانی دامەزراوە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان یاخود حکومەت و حوکمڕانییەکی جیهانی وەک میکانیزمێکی گونجاو لەپێناو پراکتیزەبونی بیرۆکەکانیان و پێشخستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی دەبینن (Alshdaifat, 2020, 15-16).

لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و ڕوخانی دیواری بەرلین لە ساڵی ١٩٨٩، ڕکابەری نێوان هەردو بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کاڵتربویەوە. ئەگەرچی جەنگ و ململانێ سەربازییەکان کۆتاییان نەهات، بەڵام ڕێککەوتنەکانی کۆنترۆڵکردنی چەک خێراتر پەرەیانسەند، دیموکراسی لەسەر ئاستی جیهان زیاتر بڵاوبویەوە، هاریکاری تەنانەت لەبوارەکانی پەیوەست بە ئاسایشی نێودەوڵەتی و دەستێوەردانەکانی پەیوەست بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی کردەیی ڕویدا (بۆ نمونە هاوڕایی و هەماهەنگی سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش لە پرسی دەستێوەردانی دەرەکی لە کاروباری ناوخۆی عێراق و دەرکردنی بڕیاری ٦٨٨ لە دژی سەرکوتکارییەکانی ڕژێمی بەعس بۆ سەر باشوری کوردستان و پێشێلکردنی مافی هاووڵاتیانی سڤیل-توێژەر). ئەمانە پێچەوانەی پێشبینییەکانی تیۆر و ئاراستە تیۆرییە ڕیالیستەکان بون (Weber, 2005, 39). لێرەوە ئاراستەی تیۆری لیبراڵیزمی نمونەیی نوێ، بە پێشەنگایەتی چارلز کیگڵ Charles W. Kegley؛ ئەو ئەرگیومێنتەی خستەڕو کە جیهانی دوای جەنگی سارد زۆر لەو جیهانە دەچێت کە وردۆ ویڵسن لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە خەونی پێوەدەبینی. هەروەک لە ئارتیکڵێکدا بە ناونیشانی "ساتی ئایدیالیزمی نوێیە لە توێژینەوە نێودەوڵەتییەکاندا؟ ئەفسانە ڕیالیستییەکان و ڕاستییە نێودەوڵەتییە نوێیەکان The Neoidealist Moment in International Studies? Realist Myths and the New International Realities" ئەو پرسە دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە کە گۆڕانکارییە نوێیەکانی سیاسەتی جیهانی لە قۆناغی دوای جەنگی سارددا، پێداچونەوەی بە پاڕادایمە تیۆرییە ڕەسەنەکانی لە شێوەی ڕیالیزم؛ بە ئیلهام وەرگرتن لە ئایدیالیزمی ویڵسۆنی؛ پێویستکردوە (Kegley, 1993, 131).

بیرۆکەی "حکومەتی جیهانی" پێگەیەکی گرنگ لە تێزەکانی لیبراڵیزمی نمونەییدا داگیردەکات، لە سەدەی بیستەمەوە مەرجی دیموکراسی جیهانی بۆ ئەو حکومەتە زیاددەکەن. پشتبەست بەو لۆژیکەی کە پێیانوایە ئەو کێشانەی

ڕووبەڕوی کۆمەڵگایی مرۆیی جیهانی دەبنەوە، قورسە بەبێ حکومەت یان ڕێکخستنێکی دیموکراسی جیهانی چارەسەر بکرێن (العلاق، ٢٠١٩، ٢٠٦_٢٠٧). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، گرنگە ئاگاداری ئەوە بین کە لیبراڵیزمی نمونەیی؛ وای نابینێت کە بەتەنها "حکومەتی جیهانی" چارەسەری تاقانەبێت بۆ دەرچون لە دۆخی پاشاگەردانی نێودەوڵەتی و کێشە و تەنگەژە جیهانییەکان. بەڵکو پێیانوایە دەکرێت ئەو ئەرکە لە ڕێگای کۆمەڵە، ڕێکخراو، دامەزراوە هاریکارییە ڕەسمی و نارەسمییەکان و پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتانی خاوەن سەروەریشەوە جێبەجێ بکرێت. ئەمەش لەبەرئەوەی باوەڕەیان وایە کە تەنگەژەکانی جیهان پەیوەندیدار نین بە سروشتی مرۆڤەکانەوە، بەڵکو پەیوەندیدارن بە شێوازەکانی ڕێکخستنی جیهانییەوە (العلاق، ٢٠١٩، ٢١٨_٢١٩). هەروەک باوەڕیان وایە کە چارەسەرکردنی ئەوکێشە و تەنگەژانە و تێپەڕاندنی بارودۆخی پاشاگەردانی نێودەوڵەتی و بەدیهێنانی دادپەروەری و ئاشتی جیهانیش، لە ڕێگای بەدیموکراسیکردنی زیاتری جیهان و پەرەپێدانی دامەزراوەکان و هاریکاری جیهانییەوە بەدیدەهێنرێن، نەک کۆمەڵێک پێدراوی سروشتی بن (العلاق، ٢٠١٩، ٢١٨). لە ڕوانگەی لیبراڵیزمی نمونەییدا؛ بەو شێوەیە زەمینە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگا، حوکمڕانی یان حکومەتێکی جیهانی خۆش دەبێت، بەتایبەت چونکە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، جیهانگیری ژمارەیەک ئامرازی جۆراوجۆری پەیوەندی و پێکەوەبەستن و پشتپێکبەستنی دەستەبەر کردوە، کە توانستێکی بەهێزی بە کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی بەخشیوە کە لە خوارەوە فشارێکی کاریگەر لەسەر حکومەت و دەوڵەت و ڕێکخستنە جیهانییەکان دروست دەکەن (العلاق، ٢٠١٩، ٢١٩)؛ بە ئاڕاستەی چارەسەرکردنی کێشە و تەنگەژە و پرسە جیهانییە گەورە و کاریگەرەکان و بەدیهێنانی ئاشتی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە هەمیشە ئەو فشارانە ڕەنگدانەوەی ئەرێنی و سروشتی جیهانگیری بن، بەڵکو دەکرێت ئەو زلهێزانەی کاریگەری و هەژمونی زیاتریان بەسەر جیهانگیری و سیاسەتی جیهانییەوە هەیە، هەندێکجار لەبەر بەرژەوەندی خۆیان جۆرێک لە هەڵمەت و فشار لە دژی نەیارەکانیان بەرپابکەن.

بەو شێوەیە پرسی هەرە باڵا لای لیبراڵیزمی نمونەیی (کۆن و نوێ) لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تاوەکو ئێستا گەیشتنە بە جیهانێک کە جەنگ تێیدا نەبێت و ئاشتی جیهانی سەقامگیر بێت (العلاق، ٢٠١٩، ٢١٦_٢١٧). بۆ ئەمەش جۆن هێرتز؛ هاریکاریی بە پێویستییەکی گرنگ لەپێناو قازانج و بەرژەوەندی نەتەوە جیاوازەکان دەزانێت. بەو مانایەیی کە لە ڕوانگەی لیبراڵیزمی نمونەیی نوێدا؛ ڕەفتاری بنەمادار و ئامانجی ئەخلاقی و گرنگیدان بە دادپەروەری و هاریکاری هاوبەش، دەتوانێت هێز و قازانج و بەرژەوەندییەکانی نەتەوەکان زیادبکات و گرژی و بەریەککەوتن لەگەڵ بەرژەوەندی نەتەوەکانی دیکە کەمتر بکاتەوە (Kegley, 1993, 143). بەو جۆرە لیبراڵیزمی نمونەیی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەکان و گەلانی جیهان، لە پاراستنی کۆمەڵێک بنەمای ئاکاری و ئەخلاقیدا و پەرەپێدانی زیاتر هاریکاری و پێکەوەژیان و بەدیهێنانی ئاشتی و سەقامگیریدا؛ دەبینێتەوە، نەک لە جەنگ و کوشتار و زیادکردنی زیاتری هێزی سەربازی و داگیرکاریدا.

کەواتە تیۆری لیبراڵیزمی نمونەیی کلاسیک و نوێ خاوەنی ڕوانگەیەکی گەشبینە بۆ سروشتی مرۆڤ و دواتریش سروشتی سیاسەتی جیهانی. لەبری هێزی سەربازی و بەرژەوەندی نەتەوەیی، جەخت دەخاتە سەر ڕۆڵی ئەرێنی پێوەر و بەها ئەخلاقی و یاساییەکان لەسەر ڕەفتار و پەیوەندی تاکەکان و دواتر دەوڵەتەکان، بە ئاڕاستەی بەدیهێنانی دیموکراسی و هاریکاری و ئاشتی جیهانی. بە مانایەکی دیکە لەبری ئەوەی هاوشێوەی ڕیالیزم شرۆڤەی ئەوە بکات کە دەوڵەتەکان و ئەکتەرە جیهانییەکان چۆن ڕەفتاردەکەن، جەخت دەخاتە سەر ئەوەی کە پێویستە چۆن ڕەفتاربکەن. لەو چوارچێوەیەدا گەشبینن بە تێپەڕاندنی دۆخی پاشاگەردانی نێودەوڵەتی و گەیشتن بە ئاشتییەکی هەمەلایەنەی جیهانی. هەروەک لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی خرایەڕو، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئاڕاستەی تیۆری لیبراڵیزمی نمونەیی، هەبونی ڕیزبەندییەکی هەرەمی لەنێوان پرسە سەربازیی و ئاسایشییەکان وەک پرسی پەیوەندیدار بە سیاسەتی باڵا و، پرسە ئابوری و کۆمەڵایەتی

و ژینگەییەکان وەک سیاسەتی نزم؛ ڕەتدەکاتەوە. لەبری ئەوە گرنگییەکی باڵا بە پرسە مۆڕاڵی و ئاکارییەکان و بەدیهێنانی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی دەدات، هەرلەبەر ئەوە دەکرێت بگوترێت کە لە ڕوانگەی تیۆری لیبراڵیزمی نمونەییدا، ژینگە وەک پرسێکی مۆڕاڵی و ئاکاری پێگە و شوێنێکی گرنگی هەیە بۆ سەرجەم دەوڵەتان و جیهان بەگشتی. بەڵام گریمانە و گوتەزاکانی ئەو تیۆرە لەو ڕووەوە جێگای ڕەخنەن کە تارادەیەکی زۆر ئایدیاڵی و خەیاڵین، مەرج نییە هەمیشە دەوڵەت و ئەکتەرە جیهانییەکان لەپێناو بەدیهێنانی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی و، پاراستنی ژینگە و بەها و پرەنسیپە ئەخلاقی و مۆڕاڵی و ئاکارییەکان؛ هاریکاری لەگەڵ یەکتریدا بکەن.

**داخوازی دوەم: پرسە جیهانییەکان لە ڕوانگەی تیۆری ئاشتی دیموکراسیدا**

تیۆری ئاشتی دیموکراسی؛ ئاڕاستەیەکی سەرەکی تیۆری لیبراڵیزمە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. پەیوەندییەکی بەهێز و دانەبڕاوی لەگەڵ ئاڕاستە تیۆرییە لیبراڵەکانی دیکەدا هەیە. ڕوانگەی سەرەکی ئەم ئاڕاستە تیۆرییە جەخت دەخاتە سەر ئەو تێزەی کە پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان سیستەمی فەرمانڕەوایی ناوخۆی دەوڵەتان و سیستەمی نێودەوڵەتی/ جیهانیدا هەیە. هەتاوەکو دەوڵەتەکان لە ناوخۆدا زیاتر بەرەو بەدیموکراسیبون بچن، جەنگ و ململانێ نێودەوڵەتییەکان بەرەو کەمتربونەوە دەچن. لە بەرامبەردا هاریکاری، ئاشتی و ئاسایشی جیهانی زیاتر دەبێت. بەو جۆرە، پرسی هەرە باڵا سەبارەت بە تیۆری ئاشتی دیموکراسی؛ بریتییە لە بڵاوکردنەوەی دیموکراسی لە سەرانسەری وڵاتانی جیهاندا، ئەمەش لەسەر بنەمای ئەو گریمانە سەرەکییەیان کە وڵاتە دیموکراسییەکان لەگەڵ یەکتردا جەنگ بەرپاناکەن، بۆیە لەگەڵ بڵاوتربونەوەی زیاتری دیموکراسیدا، ئاشتی و ئاسایشی زیاتر لە جیهاندا بەرقەراردەبێت. بە مانایەکی دەقیقتر؛ بڵابونەوەی دیموکراسی بە پێشمەرجی سەرەکی گەیشتن بە ئاشتی هەمیشەیی جیهانی و دەستەبەرکردنی هاریکاری نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی پرسە نێودەوڵەتییەکان دەبینن.

بنچیەی سەرەکی فکری و فەلسەفی تیۆری ئاشتی دیموکراسی بە ئیمانوێل کانت-ەوە دەبەسترێتەوە، کاتێک لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی "ئاشتی هەمیشەیی: وتارێکی فەلسەفی Perpetual Peace: A Philosophical Essay" (Kant, 1971)، ڕوانگەی خۆی بۆ ئاشتی هەمیشەیی جیهانی و چۆنیەتی بەدیهێنانی دەخاتەڕو. گریمانەی سەرەکی تیۆری لیبراڵیزم لای ئیمانوێل کانت لەسەر باوەڕێکی بەهێز بە ئەقڵانیبونی سروشتی مرۆڤ و پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی وەستاوە. بەو مانایەی کە هەرچەند تاک و ئەکتەرەکان لەسەر ماف و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان پێداگیربن، هێشتا دەتوانن لەنێوان خۆیاندا هاریکاربن لەپێناو بیناکردنی کۆمەڵگایەکی ئاشتیخواز و پێکەوەگونجاو. کانت؛ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە مادام گەلان لەسەر ئاستی جیهانی پەیوەندی لەنێوان خۆیاندا دەبەستن، چیتر چەمکی مافی جیهانی بیرۆکەیەکی وەهمی نییە، بەڵکو پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە هەر شوێنێک کاریگەری لەسەر تەواوی وڵاتان و شوێنەکانی دیکە دەبێت، لەبەرئەوە زۆر پێویستە مافی هاووڵاتی و مافی گەلان لە هەمو شوێنێک بپارێزرێت. هەتاوەکو گەلان زیاتر لە یەکتر نزیکببنەوە و پەیوەندی پتەوتر لەنێوان خۆیاندا ببەستن، لە ئامانجی گەیشتن بە ئاشتی هەمیشەیی جیهانی زیاتر نزیک دەبنەوە (کانت، ٢٠١٧، ٥٧-٥٨). لیبراڵیزمی ئاشتی دیموکراسی؛ باوەڕی تەواوی بەوە هەیە کە دەتوانرێت جەنگ و ململانێکان کۆتاییان پێبهێنرێت یاخود کەمبکرێنەوە لە ڕێگای گۆڕانکاریکردن لە بونیادی ڕێکخستنی کۆمەڵگا ناوخۆییەکان و بە دیموکراسیکردنیاندا و؛ دواتریش گواستنەوەی ئەو بونیادە بۆ سەر ئاستی جیهانی (ڕاسیت، ٢٠١٦، ٢٥٤). ئەگەرچی ئەو ڕوانگەیە لە ڕوی تیۆرییەوە سەربجراکێشە، بەڵام لە ڕاستیدا دوای تێپەڕبونی زیاتر لە دو سەدە بەسەر بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبەی ئیمانوێل کانتدا، هێشتا ئاشتی هەمیشەیی جیهانی نەک بەدینەهاتوە، بەڵکو جیهان بە بەردەوامی جەنگ و کوشتاری زۆر و بەرفراوان بەخۆیەوە دەبینێت.

لە ڕوانگەی تیۆری ئاشتی دیموکراسیدا، دیموکراسی دژی جەنگە جیهانییە گەورەکانە. هەروەک ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لە وڵاتانی خاوەن سیستەمی دیموکراسیدا؛ حوکمڕانەکان نوێنەری گەلن، مافە ئابوری و موڵکداریی و سیاسییەکان تێیاندا پارێزراوە، حوکمی دەستور و یاسا تێیاندا بەرقەرارە. ئەو پێوەر و بنەمایانەش هاندەرن بۆ ئەوەی ئەو دەوڵەتانە لە بەرپاکردنی جەنگ لەگەڵ دەوڵەتە دیموکراسییەکانی دیکەدا خۆیان بەدوربگرن (رحیم، ٢٠١١، ٧٣). مایکڵ دوێل Michael Doyle تیۆرسێنی ئاشتی دیموکراسی؛ دەڵێت "نوێنەرایەتی دیموکراسی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و دامەزراوە سنوربڕە نیشتیمانییەکان، چەند تایبەتمەندییەکن کە دەوڵەتە دیموکراسییەکانی پێدەناسرێتەوە؛ ئەمانەش بە یەکەوە گوزراشتن لەسەر "ویستی بەرەو ئاشتیخوازی". بەپێچەوانەوە ئەگەر دەوڵەتێک نادیموکراسی بو، ویستی بەرەو جەنگ زیاتر دەبێت (بيليس، ٢٠٠٤، ٤٢٨_٤٢٩) و(رحيم، ٢٠١١، ٧٣). هەروەک جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەزمونی سەدەی بیستەم بەڵگەیەکی باشە بۆ ئەوەی باوەڕ بەوە بهێنین کە ئامانجی باڵای پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتە لیبراڵەکان بەرقەرارکردنی ئاشتی و هاریکاری و نەهێشتنی جەنگە خوێناوییەکانە. بەبڕوای ئەو نەبونی جەنگ لەنێوان وڵاتە دیموکراسیەکاندا لە سەدەی بیستەمدا، بەڵگەیەکی بەسە بۆ ئەوەی کە بەرگری لە دیموکراسی لیبراڵی و بڵاوکردنەوەی بکەین؛ لەپێناو بەدیهێنانی ئاشتی هەمیشەیی جیهانیدا (Doyle, 2012, 226).

لیبراڵیزمی ئاشتی دیموکراسی، ڕۆڵی دامەزراوە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە حکومیی و ناحکومییەکان لە بڵاوکردنەوەی بنەماکانی لیبراڵیزم، دیموکراسی، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، چارەسەری ئاشتیانەی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان و فراوانکردنی ناوچە و سنورەکانی ئاشتی جیهانی بەرز دەنرخێنن (فەرەج، ٢٠١٨، ٢٤٥). هەروەها لە ڕوانگەی (ئۆنیال و ڕوسێت)دا؛ دیموکراسی؛ پشتپێکبەستن، سەروەری یاسا و ڕێکخراو و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان، چەند بنەما و پێشمەرجێکی زۆر سەرەکین بۆ گەیشتن بە ئاشتی هەمیشەیی و پاراستنی ئاسایشی جیهانی (Manan, 2014, 181).

لیبراڵەکان نکوڵی لەوە ناکەن کە زۆرجار حکومەتەکان لەژێر کاریگەری هۆکاری تایبەت و خۆپەرستانە یاخود لەپێناو بەهێزترکردنی پێگەی سیاسی نوخبەی حکومڕان، جەنگ هەڵدەگیرسێنن. بەڵام بۆ ڕێگاگرتن لەو بژاردە نەخوازراوە و سنوردارکردن و سزادانی ئەو سەرکردە سیاسیانەی کە بەدوای ئەو ئامانجە خۆپەرستیانەدا دەگەڕێن، میکانیزمی هەڵبژاردن وەک پایەیەکی گرنگی هەر حکومێکی دیموکراسی؛ بە ڕێگاچارەیەکی گونجاو دەزانن. لە ڕوانگەی لیبراڵەکاندا، هەڵبژاردنی دیموکراسی؛ جەنگەکان سنوردار دەکات، توانای هاووڵاتیان بۆ گۆڕینی ئەو حکومەت و سەرکردە سیاسیانە بەهێز دەکات کە سیاسەتی دەرەکی شەڕەنگێزانە پەیڕەو دەکەن (McDonald, 2009, 23). بەو تێگەیشتنەی لیبراڵیزمی ئاشتی دیموکراسی بێت، ئەگەر زلهێزێکی گەورەی وەک چین یان هەر دەوڵەتێکی دیکەی نادیموکراسی (نمونە: کۆریای باکور)؛ بە دیموکراسی بکرێت و بهێنرێتە ناو زۆنی دەوڵەتە دیموکراسییەکانی جیهان، ئەگەری بەرکەوتنی ئەو دەوڵەتە لەگەڵ دەوڵەتە دیموکراسییەکانی دیکەی جیهاندا بەرەو کەمبونەوە دەڕوات. لەبەرئەوە بەباوەڕی لیبراڵەکان دەبێت لە ڕێگای ڕۆڵپێدانی زیاتر و بەشدارییپێکردنی زیاتری ئەو دەوڵەتانە لە دامەزراوە جیهانییەکان و سیستەمی ئابوری جیهانیدا؛ هەوڵی بە دیموکراسیکردنیان بدرێت، چونکە بە باوەڕی ئەوان زلهێزەکان ئەگەر هەمویان بە دیموکراسی بکرێن، دەتوانن بە ئاشتی و بەبێ بەکارهێنانی هێزی سەربازی لەدژی یەکتر؛ پێکەوەبژن (Chernoff, 2007, 67-68). هەروەک دەکرێت ئەو بۆچونەی لیبراڵیزمی ئاشتی دیموکراسی وا شرۆڤەبکەین کە بەباوەڕی ئەوان چەندی دەوڵەتی زیاتر بهێنرێتە ڕیزی دەوڵەتانی دیموکراسییەوە، ئەگەری هاریکاری لەنێوان ئەو دەوڵەتە دیموکراسیانەدا بۆ بەرەنگاربونەوەی قەیران و تەنگەژە جیهانییەکان زیاتر دەبێت. لێرەدا دەکرێت نمونە بە پرسی ژینگە بهێنینەوە، کە ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە خوێندنەوە بۆ پرسەکە بکەین، هەمیشە ئەگەری هاریکاری و کارکردنی پێکەوەیی دەوڵەتە دیموکراسییەکان کراوەتر و نزیکترە بۆ

بەرەنگاربونەوەی مەترسییەکانی پیسبونی ژینگە و گۆڕانکارییە مەترسیدارەکانی کەشوهەوا و بەرزبونەوەی بەردەوامی پلەکانی گەرمی گۆی زەوی.

بەپێچەوانەی تیۆری ڕیالیزمەوە؛ لایەنگرانی ئاشتی دیموکراسی؛ بانگەشەی ئەوە دەکەن کە مۆدێلی جەنگ بەسەرچوە، بەتایبەت بەهۆی ئەزمونی تاڵی ڕابردوی جیهان لەگەڵ نەهامەتی و خەرجییە زۆرەکانی جەنگ، زیادبونی سیستەمە سیاسییە دیموکراسییەکان، فراوانبونی قەبارەی بازرگانی نێودەوڵەتی، زیادبونی ڕۆڵی یاسای نێودەوڵەتی و کۆمەڵێک هۆکاری دیکەی جۆراوجۆر (فەرەج، ٢٠١٨، ٢٤٤_٢٤٥). بە بڕوای لایەنگرانی لیبراڵیزمی ئاشتی دیموکراسی؛ ئەو جەنگانەی کە لەلایەن دەوڵەتە دیموکراسییەکانەوە بەرپادەکرێن زیاتر لەژێر دروشمی گۆڕینی ڕژێمە نادیموکراتییەکان و بڵاوکردنەوەی دیموکراسی و ئاشتی و دورخستنەوەی جەنگەکان هەڵدەگیرسێندرێن (کاکەامین، ٢٠٢٠، ٩٣). هەربۆیە پێداگرییەکی توند لەسەر بونی پەیوەندی بەهێز لەنێوان دیموکراسی و ئاشتیدا دەکەن، ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ناوچەیەکی ئاشتی گرنگ لەنێوان دەوڵەتە لیبراڵ و دیموکراسییەکاندا پەرەی سەندوە، ئەمەش بە پشتڕاستکردنەوەی گریمانەی تیۆری ئاشتی دیموکراسی بۆ مەیلی ئاشتیخوازانەی کۆمارەکان؛ دادەنێن (Barkawi & Laffey, 2001, 1). وەک ڕونە لە ڕوانگەی تیۆری لیبراڵیزمی ئاشتی دیموکراسیدا، ئاشتی هەمیشەیی ئامانجی کۆتایی ئەو گەشتە سەختەیە کە کۆمارەکان هەوڵی بۆ دەدەن(Doyle, Liberal Internationalism:...). بەڵام دەکرێت هەندێکجار دەوڵەتە دیموکراسییەکان لەپێناو بەرژەوەنی خۆیان یاخود بۆ گۆڕینی ئەو ڕژێمانەی کە لەمپەرن لەبەردەم ئامانج و مەبەستە سیاسییەکانیان، جەنگەکان هەڵدەگیرسێنن و بانگەشەی ئەوەش دەکەن گوایە لەپێناو بڵاوکردنەوەی دیموکراسی و بەرقەرارکردنی ئاشتی جیهانییە. جەنگی ویلایەتە یەکگرتوەکان و هاوپەیمانەکانی لەگەڵ عێراق ساڵی ٢٠٠٣، بەشێوەیەکی سەرەکی لەژێر دروشمی بڵاوکردنەوەی دیموکراسیدا هەڵگیرسێنرا، بەڵام ئێستا دوای تێپەڕبونی زیاتر لە ٢٠ ساڵ، دیموکراسییەکی پێگەیشتو لە عێراقدا بەدیناکرێت. لەبەرئەوە مەرج نییە هەمیشە ئەو جەنگانەی لەژێر دروشمی بڵاوکردنەوەی دیموکراسیدا بەرپادەکرێن، دەرئەنجامەکەیان دیموکراسی لەگەڵ خۆیان بهێنن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەر لە بنەڕەتدا گۆڕانی دەوڵەتێکی نادیموکراسی بۆ دیموکراسی لە ڕێگای ئامرازی سەربازییەوە، بژاردەیەکی قورسە.

لاینەگرانی تیۆری ئاشتی دیموکراسی سورن لەسەر ئەو باوەڕەی کە دەوڵەتە دیموکراسییەکان لەبەرئەوەی خاوەنی دامەزراوەی ئازاد و دیموکراسین؛ لەبەرامبەر هاووڵاتیانی خۆیان و مافەکانی مرۆڤدا خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن، لە ڕەفتاری دەرەوەشیاندا پەنا بۆ جەنگ و توندوتیژی لەنێوان خۆیاندا نابەن، بەڵام دەکرێت هەندێکجار ئەو دەوڵەتە دیموکراسیانە لەژێر ناوی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و چەسپاندنی ئازادی و دیموکراسیدا، بە کردەی سەربازی و هەڵگیرساندنی جەنگ ڕوبەڕوی دەوڵەتە نادیموکراسییەکان ببنەوە (کاکەامین، ٢٠٢٠، ٩٣). لایەنگرانی ئاشتی دیموکراتی؛ پاڵپشت بە بۆچونەکانی ئیمانوێل کانت؛ سەبارەت بە بەدیهێنانی ئاشتی هەمیشەیی، گەشبینن بە کاریگەری ئەرێنی هۆشیاری جیهانی و ڕێکخستنی سیاسەتی جیهانی بە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان لەسەر پێکهێنانی ڕای گشتی جیهانی بۆ دروستکردنی فشار لەسەر دەوڵەتان کە بەردەوام بن لە چونە ناو دەستپێشخەرییەکانی پەیوەست بە چەک داماڵین و دورکەوتنەوە لە هەڵگیرساندنی جەنگەکان (العلاق، ٢٠٢٠، ٢١٦). هەروەک قسە لەسەر پرسی خۆشگوزەرانی دەکەن؛ وەک فاکتەرێکی کاریگەر لەسەر دەوڵەتان تاوەکو بیر لە جەنگ نەکەنەوە. ئەمەش بەو پاساوەی کە بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی سەبارەت بە دەوڵەتان پێویستییەکی زۆر گرنگە (مصباح، ٢٠١١، ٧٨).

بەو شێوەیە دەردەکەوێت کە سەرەڕای بە گرنگبینینی پرسی خۆشگوزەرانی هاووڵاتیان و لایەنی ئابوری و هەڵبژاردن و مافە یاسایی و سیاسییەکانی مرۆڤ و بەرژەوەندی نەتەوەیی دەوڵەتان، پرسی هەرە باڵا و گرنگ لە ڕوانگەی تیۆری ئاشتی

دیموکراسیدا، بەدیهێنانی ئاشتی هەمیشەیی جیهانییە. بە دیموکراسیکردنی وڵاتان و بڵاوبونەوەی دیموکراسی جیهانیش؛ بە ڕێگا و میکانیزمی هەرە سەرەکی بۆ گەیشتن بەو ئامانجە باڵایە دەبینن. لەژێر ڕۆشنایی ئەو دەرئەنجامەدا، دەکرێت بگوترێت کە بەو ڕوانگەیەی تیۆری ئاشتی دیموکراسی بێت، ئەو دەوڵەتانەی کە دیموکراسین یاخود بە دیموکراسیکراون باشتر دەتوانن هاریکاری نێودەوڵەتی لەنێوان خۆیاندا دەستەبەربکەن لەپێناو ڕوبەڕوبونەوەی قەیران و تەنگەژە و پرسە جیهانییە مەترسیدارەکانی لەشێوەی پیسبونی ژینگە و گۆڕانکارییە مەترسیدارەکانی کەشوهەوا. بەڵام ڕەشبینن سەبارەت بە ئەنجامدانی هاریکاری نێودەوڵەتی لەنێوان دەوڵەتە دیموکراسی و نادیموکراسییەکاندا بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەو قەیران و پرسە جیهانیانە. لەبەرئەوە و لەپێناو بەدیهێنانی ئاشتی هەمیشەیی جیهانی و دەستەبەرکردنی ئەو جۆرە هاریکارییە نێودەوڵەتییە، جەختی زۆر لەسەر بڵاوکردنەوەی دیموکراسی و بەدیموکراسیکردنی وڵاتان دەکەنەوە، تەنانەت لەو پێناوەدا بەرپاکردنی جەنگیش بە بژاردەیەکی ڕەوا دەزانن. بەڵام ئەو بانگەشانەی کە لە لەلایەن زلهێزەکانەوە سەبارەت بە بەرپاکردنی جەنگەکان لەپێناو بڵاوکردنەوەی دیموکراسی و بەرپاکردنی ئاشتییەوە دەکرێن، مەرج نییە هەمیشە ڕاستبن. هەندێکجار دەوڵەتە دیموکراسییە بەهێزەکان، لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیان؛ لەژێر دروشمی دیموکراسیدا، جەنگەکان بەرپادەکەن و لەبری هاریکاری بۆ چارەسەرکردنی تەنگەژە جیهانییەکان، لێکەوتەی زۆر نەرێنی لەسەر هەندێک لەو پرسانە بەجێدەهێڵن. پرسی ژینگە یەکێکە لەو پرسانەی کە بەهۆی بەرپاکردنی جەنگەکانەوە زیاتر پیس دەبێت و لێکەوتە و دەرئەنجامی مەترسیدارتر لەسەر جیهان و ژیانی مرۆڤایەتی بەجێدەهێڵێت.

باسی دوەم: پرسە جیهانییەکان لە ڕوانگەی لیبراڵیزمی نوێدا

لیبراڵیزمی نوێ New Liberalism؛ یەکێکە لە لقە هەرە سەرەکییەکانی تیۆری لیبراڵیزم لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا کە لە ئاراستە تیۆرییە ڕیالیستەکان گەشبینترە سەبارەت بە پەیوەندی، کارلێک و پرسە نێودەوڵەتییەکان. ڕوانگەی سەرەکی تیۆری لیبراڵیزمی نوێ؛ گریمانەی فرەیی ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان و ڕۆڵی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان لە ئاسانترکردنی هاریکاری جیهانی لەپێناو کەمترکردنەوەی جەنگ و ململانێکان و چارەسەرکردنی کێشە و تەنگەژە جیهانییەکان و گەیشتن بە جۆرێک لە ئاشتی و ئاسایشی جیهانی دەکەن. بەشێوەیەکی گشتی ئاراستەی تیۆری لیبراڵیزمی نوێ دابەشدەبێت بەسەر هەردو لقی لیبراڵیزمی دامەزراوەیی و لیبراڵیزمی دامەزراوەیی نوێدا. هەردو ئاراستەکە؛ هەبونی پۆلێنکارییەکی هەرەمی بۆ پرسە جیهانییەکان بەسەر پرسەکانی پەیوەست بە سیاسەتە بەرز و سیاسەتە نزمەکاندا ڕەتدەکەنەوە، هەروەک هاوڕان لەسەر ڕۆڵی باڵای دامەزراوە و ئەکتەرە نادەوڵەتییە جیهانییەکان لەسەر پرسە گرنگ و کاریگەرەکانی جیهان، بەڵام لە کۆمەڵێک وردەکاریدا لە یەکتری جیادەبنەوە. لەم باسەدا لە ڕوانگەی تیۆری هەردو ئاراستەکە سەبارەت بە پرسە جیهانییەکان دەکۆڵینەوە.

داخوازی یەکەم: پرسە جیهانییەکان لە ڕوانگەی لیبراڵیزمی دامەزراوەییدا

لیبراڵیزمی دامەزراوەیی؛ خاوەنی ڕوانگەیەکی گەشبین و فرەیی Plurality یە سەبارەت بە سیاسەتی جیهانی، پەیوەندی، ئەکتەر، کارلێک و پرسە جیهانییەکان. بەو مانایەی کە لە ڕوانگەی لیبراڵیزمی دامەزراوەییدا، دامەزراوە و ئەکتەرە نادەوڵەتیی و نێودەوڵەتییەکان ڕۆڵ لە سیاسەتی جیهانی و ئاسانکاری بۆ ڕەخساندنی هاریکاری نێودەوڵەتی و چارەسەرکردنی تەنگەژە جیهانییەکاندا دەگێڕن. ئەمانەش وەک ئیلهامبەخش و ئومێدێک دەبینن کە دەتوانرێت بەهۆیانەوە ڕکابەری و جەنگە نێودەوڵەتییەکان کەمتر بکرێنەوە، لە بەرامبەردا ئاشتی و ئاسایشی جیهانی بەدیبهێنرێت. ڕوانگەی لیبراڵیزمی دامەزراوەیی یاخود کارایی/ فەرمانێتی Functionalism بۆ پرسە جیهانییەکان بەشێوەیەکی گشتی لە دەوری ئەو گریمانەیە دەخولێتەوە کە ئەگەر لەڕێگای دامەزراندن و بەهێزکردنی دامەزراوە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانەوە،

گرنگیەکی پێشینەییتر و بنچینەییتر بە چارەسەرکردنی پرسە هونەری و تەنکیکییەکان بدرێت، چارەسەرکردنی ئەو پرسانە، کاریگەری بەرچاوی دەبێت لەسەر هەنگاونان بەرەو چارەسەرکردنی پرس و کێشە سیاسی و ستراتیژییە گەورە جیهانییەکانی دیکە.

بەڕای جۆزێف گریکۆ Joseph M. Grieco؛ یەکێک لە تیۆرسێنە ڕیاڵیستەکان؛ ئەگەر لە ڕوانگەی ڕیاڵیزمەوە، ئامانجی سەرەکی دەوڵەتان بەدەستهێنانی هێز و ئاسایش بێت، ئەوا لە ڕوانگەی لیبراڵیزمی دامەزراوەییەوە، پەرەسەندنی بەرفراوانی چەکی ئەتۆمی و درککردن بە مەترسییەکانی و زیادبونی زۆری خەرجی و تێچونەکانی جەنگ و پەرەسەندنی بەرفراوانی پەیوەندییە ئابوری و بازرگانییەکان، وایکردوە کە دەوڵەتان کەمتر بیر لە جەنگ و کوشتار بکەنەوە، بەڵکو لەبری ئەوە زیاتر پشت بەیەکتر دەبەستن و لەپێناو سەقامگیرکردنی نرخ و گەیشتن بە خۆشگوزەرانی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی ئابوری و ژیانێکی ئاسودە تێدەکۆشن (Grieco, 1998, 489).

ئاراستەی تیۆری لیبراڵیزمی دامەزراوەیی یاخود ڕێبازە فەنکشناڵیستییەکان بۆ چارەسەرکردنی پرسە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان، ڕۆڵی ئەکتەر و دامەزراوە نادەوڵەتییەکان لە ڕۆڵی دەوڵەتەکان بە گرنگتر و کاریگەرتر دەبینێت. هەروەک ئەوەی کە دەیڤید میترانی David Mitrany تیۆرسێنی ڕێبازی فەنکشناڵیستی؛ لەو باوەڕە دایە کە ئەو سیستەمەی لە دەوڵەتە نوێیەکان پێکهاتوە؛ ناتوانێت ڕوبەڕوی گرفتە ئابورییە بنچینەییەکان ببێتەوە، چونکە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی هەرەمی دابەشبوە بەسەر یەکە سیاسییەکاندا، نەک لەسەر بنچینەی ئەو گرفتە سیاسییانەی کە پێویستییان بە چارەسەرکردن هەیە. هەر ئەمەیە کە وای لە میترانی کردوە کە پێشنیاری ئەوە بکات دامودەزگای هەرێمی و نێودەوڵەتی لەسەر بنچینەی پسپۆڕێتی دروستبکرێت و لە هەنگاوی یەکەمدا کار لەسەر چارەسەرکردنی گرفتە هونەریی و تەکنیکی و ئاسایی و ئاسانەکان بکرێت، لە دواتردا هەنگاو بە هەنگاو پەرە بە هاریکاری نێودەوڵەتی بۆ بوارەکانی دیکە و بۆ چارەسەرکردنی گرفتە گەورە جیهانییەکانی دیکە بدرێت (فەرەج، ٢٠١٨، ٢٤٨). ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە لە ڕوانگەی ئاڕاستەی تیۆری لیبراڵیزمی دامەزراوەییدا، سەرکەوتن لە چارەسەرکردنی پرسە هونەری و تەکنیکییەکاندا، کارئاسانی دەکات بۆ چارەسەرکردنی گرفتە ئابوری و سیاسی و سەربازی و ستراتیژییەکانی دیکە.

لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگی ساردداﺍ؛ ئەو گریمانە وەزیفییانەی پەیوەندیدار بون بە پرەنسیپی بڵاوبونەوە و گواستنەوەی تەرکیز لەسەر پرسەکانی پەیوەست بە سیاسەتی باڵاوە بۆ سەر پرسەکانی پەیوەست بە سیاسەتی نزم و کێشە تەکنیکییەکان؛ زیاتر شوێنی خۆیان کردەوە. فەنکشناڵیستەکان؛ جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە لەو قۆناغەدا پرسەکانی پەیوەست بە سیاسەتە نزمەکان لەشێوەی پرسە ئابوری و تەکنەلۆژییەکان هەژمونیان بەسەر جیهاندا کردوە و لەسەر حسابی پرسەکانی سیاسەتی باڵا (ئاسایش و سەربازی) گرنگی زیاتریان پەیداکردوە. بەو مانایەیی کە لە ڕوانگەی ئاڕاستەی تیۆری لیبراڵیزمی دامەزراوەییدا؛ لەو قۆناغە بەدواوە گرنگیپێدانێکی جیهانی باڵا لەلایەن دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە حکومی و ناحکومییەکان، بلۆک و یەکێتییە نێودەوڵەتییەکان، دامەزراوە نێودەوڵەتییە جیاوازەکان و کۆمەڵگای مەدەنی جیهانییەوە، بە پرسە ناسەربازییەکانی لەشێوەی پرسە ئابوری و تەکنەلۆژی و ژینگەیی و هەمو ئەو پرسانە بونی هەیە کە سروشتێکی هاوبەشی جیهانیان هەیە. ئەمەش بە ئاڕاستەی گرتنەبەری ڕێکار و ڕێکخستنی زیاتر بۆ ئەو پرسانە و چارەسەرکردن و کۆنترۆڵکردنی ئەو مەترسی و دەرهاویشتانەی کە لەسەر ئاسایشی هەرێمی و جیهانی دروستیدەکەن (الكناني، ٢٠٢٠، ٣٢٨_٣٢٩).

لەلایەکی دیکەوە؛ ڕێبازی فەنکشناڵیستی نوێ؛ گریمانەی بڵاوبونەوەی هاریکاری لە کەرتە ئاسایی و ئاسان و تەکنیکییەکانەوە بۆ کەرتەکانی دیکە و تا دەگاتە لایەنی سیاسی دەکات. بەو مانایەیی کە وایدەبینن کە تەواوکارێتی و

پێکەوەبەستن و هاریکاری لەو بوارانەوە دەست پێ دەکات کە پەیوەندیدارن بە سیاسەتە نزمەکان لەشێوەی بوارە ئابوری، کۆمەڵایەتی، کەلتوریی و تەکنەلۆژییەکان. بەڵام پێویستە دواتر پرۆسەکە بە سیاسی بکرێت، بەشێوەیەکی پلەبەندی پرۆسەی تەواوکارێتییەکە بگوازرێتەوە بۆ بوارەکانی پەیوەست بە سیاسەتە بەرزەکانی لەشێوەی پرسەکانی پەیوەست بە ئاسایشی نەتەوەیی و ئەو پرسانەی کە گرنگییەکی ستراتیژی و ئایدیۆلۆژی باڵایان هەیە (البرزنجي، ٢٠١٣، ٤١). هەروەک ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە سەرکەوتنی هاریکاری لە کەرت و بوارێکدا، هانی دامەزاوە نێودەوڵەتییەکان دەدات بۆ فراوانکردنی ئەو هاریکارییە بۆ کەرت و بوارەکانی دیکەش. ئێرنست هاس Ernst Hass؛ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە تەواوکاری سیاسیی دواین وێستگەی پرۆسەی تەواوکارییە کە گۆڕانی ئینتیما لە دەوڵەتە جیاوازەکانەوە بەرەو ناوەندێکی نوێی سەرو دەوڵەتی لەخۆی دەگرێت، بەو جۆرە دامەزراوە دەوڵەتبڕەکان دەسەڵات و هێز و ئەرکەکانی خۆیان بەسەر دەوڵەتەکاندا دەسەپێنن، بەمەش پرۆسەی تەواوکاری نێودەوڵەتی دێتەدی (الكناني، ٢٠٢٠، ٣٢٦). یەکێک لە پرسە هەرە گرنگەکان لای لایەنگرانی ڕێبازی وەزیفی نوێ بۆ هێنانەدی ئەو تەواوکارییە بریتییە لە پرسی ئابوری، هەروەک باوەڕیان وایە کە پێویستە دەسەڵات بدرێتە دامودەزگا سەرونەتەوەییەکان بە ئامانجی بەدیهێنانی هاریکاری ئابوری، چونکە بڵاوبونەوەی دامودەزگا ئابورییەکان و سەرکەوتنی هاریکاری ئابوری؛ بوارەکانی هاریکاری فراوان دەکات تا ئاستی گەیشتن بە تەواوکاری سیاسی (الكناني، ٢٠٢٠، ٣٢٦).

یەکێک لەو ڕەخنانەی لەو ئاراستە تیۆرییە دەگیرێت ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی هاریکاری وەزیفی نێودەوڵەتی پێشکەوتنی گەورەی لە چوارچێوەی پەرەسەندنەکانی سیستەمی جیهانی بەخۆیەوە بینیوە، هەروەها ژمارەیەکی زۆر مەترسی و پرس و کێشە بونیان هەیە کە پێویستیان بە هەماهەنگی و هاریکاری جیهانی هەیە، بەڵام تاوەکو ئێستا کاریگەری سەروەری دەوڵەتان لەسەر کارەکانی دامەزراوە و ڕێکخراوە جیهانییەکان گەورە و کاریگەرە، ئەمەش ڕێگری لە گەشەسەندنی دامەزراوە و ڕێکخراوە جیهانییەکان دەکات، هەروەک دەسەڵاتی جیهانی و حوکمڕانی جیهانی سنوردار دەکات لە سەرخستنی هاریکاری هاوبەشی جیهانی سەبارەت بەو پرسانە، لێرەوەیە کە داواکارییەکی گشتی جیهانی بونی هەیە کە پێداگری لەسەر پێویستی چاکسازی لە ڕێکخراو و دامەزراوە جیهانییەکاندا دەکاتەوە (الكناني، ٢٠٢٠، ٣٢٩). هەروەک پەیوەندیدار بەو تێزەی فەنکشناڵیزمی نوێ سەبارەت بە گرنگی پرۆسەی تەواوکارێتی و یەکگرتنی هەرێمی، سەبارەت بەوەی کە ئایا مەرجە هەمیشە هەمو یەکگرتن و تەواوکارییەک یاخود پێکهێنانی هەمو یەکێتییەک لە هەمو سەردەم و هەرێمێکی جیهاندا سەرکەوتو بێت لە پەیداکردنی ئینتیمای هاوبەشی ئەندامەکانی و ڕەخساندنی هاریکارییەکی کردەیی سەرکەوتو. بێگومان وەڵامەکە هەمیشە ئەرێنی نییە. لێرەدا هەندێک نمونە بە بەراوردکردنی ئەزمونی هەردو یەکێتی ئەفریقا و ئەوروپا دەهێننەوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە یەکێتی ئەفریقا نەیتوانیوە کۆتایی بە ململانێ و ناکۆکی و جەنگی ناوخۆیی دەوڵەتە ئەندامەکانی بهێنێت. بەڵام هەوڵەکانی ئەندامانی یەکێتی ئەوروپا بە سەرکەوتو دادەنرێت لە پەرەپێدانی ئابوری هاوبەش و پاراستنی هێزی ئابوری ئەندامەکانی، بەڵام لەگەڵ دەرچونی بەریتانیا وەک ئەندامێکی دامەزرێنەر وهەرە سەرەکی لە یەکێتییەکە و خاوەنی ئابورییەکی بەهێز، ئەویش دیسان ئاستەنگی بۆ دروست دەبێت، وە کاریگەری نەرێنی لەسەر پرۆسەی یەکگرتنی ئابوری و سیاسی یەکێتییەکەش دەبێت، بەتایبەت لەبەرئەوەی کە بەریتانیا ئەندامێکی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکانیشە (فوزية، ٢٠١٨_٢٠١٩، ٥٣).

بەوجۆرە دەردەکەوێت کە ڕێبازی فەنکشاڵیستی لەناو ئاڕستەی تیۆری لیبراڵیزمی دامەزراوەییدا؛ بە پێچەوانەی تیۆری ڕیاڵیزم و تاڕادەیەک زیاتر لە ئاراستە تیۆرییە لیبراڵەکانی دیکەش گەشبینە سەبارەت بە ڕۆڵی ڕێکخراو و دامەزراوە هەرێمی و نێودەوڵەتییە نادەوڵەتییەکان لە کەمکردنەوەی ململانێکان و بەرەوپێشبردنی پشتپێکبەستن و هاریکاری نێوان دەوڵەتان

و چارەسەرکردنی کێشە جیهانییەکان. وایدەبینن کە چارەسەری گرفتەکان بەشێوەی هەنگاو بە هەنگاو دەکرێت، هەماهەنگی بۆ چارەسەرکردنی پرسێک کاریگەری ئەرێنی بۆ هەنگاوەکانی ئایندە و چارەسەرکردنی پرسەکانی دیکە دەبێت. بە پێچەوانەوە باوەڕیان بە چارەسەری پرسەکان بە شێوەیەکی ڕادیکاڵی لە پرسێکدا یاخود چارەسەرکردنی هەمو کێشەکان بە یەک هەنگاو نییە.

**داخوازی دوەم: پرسە جیهانییەکان لە ڕوانگەی لیبرالیزمی دامەزراوەیی نوێدا**

لیبرالیزمی دامەزراوەیی نوێ؛ یەکێکە لە ئاراستە تیۆرییە لیبرالییە هەرە سەرەکییەکان کە گرنگیدان بە پرسە ئاسایشی و سەربازییەکان وەک کۆمەڵێک پرسی هەرە گرنگ لە چوارچێوەی سیاسەتە باڵاکاندا و وەرگرتنی پرسەکانی دیکە لە چوارچێوەی سیاسەتە نزمەکاندا ڕەتدەکاتەوە. بەڵکو ئەگەر لای تیۆری ڕیالیزم؛ پرسە ئاسایشی و سەربازییەکان وەک بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، ئەوا لە ڕوانگەی تیۆری لیبرالیزمی دامەزراوەیی نوێدا؛ جەختی زیاتر دەخرێتە سەر پرسە ناسەربازییەکانی دیکەی لەشێوەی پرسە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان و ژینگەی جیهانی. هەروەک وایدەبینن کە جگەلە دەوڵەتان؛ دامەزراوە و ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانی دیکەش گرنگی بەو جۆرە پرسانە دەدەن. بەو جۆرە؛ گریمانەی سەرەکی تیۆری لیبرالیزمی دامەزراوەیی نوێ بە هەرەمی ڕیزبەندبونی پرسە جیهانییەکان بەسەر پرسە باڵا و نزمەکاندا ڕەت دەکاتەوە.

ڕوانگەی تیۆری لیبرالیزمی دامەزراوەیی نوێ؛ هاوشێوەی دیبەیتێکی ئەکادیمییە لە بەرامبەر ڕوانگەی تیۆری ڕیالیزم بۆ ئەکتەر، کارلێک و پرسە نێودەوڵەتییەکان. بەتایبەت ئەو هەوڵانە دوای نوسینی کتێبەکەی ڕۆبێرت کیۆهین Robert O. Keohane و جۆزێف نای Joseph S. Nye بە ناونیشانی "هێز و پشتپێکبەستن؛ Power and Interdependence" دەستیان پێکرد، کە تێیدا لە بەرامبەر گریمانە و ڕوانگەی ڕەشبینی ڕیالیزم بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان؛ جەخت لەسەر پەرەسەندنی دیاردەی پشتپێکبەستنی جیهانی و ڕۆڵی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان و دامەزراوە جیهانییەکان و وەرچەرخانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەرەو جیهانی؛ دەکەنەوە (Keohane & Nye, 1997).

دیدگای لیبرالیزم بۆ پەیوەندی و پرسە جیهان دیدگایەکی فرەییە، بەو مانایەی کە وایدەبینن لەگەڵ دەوڵەتاندا ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانیش بەشدارن لە پەیوەندی و کارلێکە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە پرسە جیهانییەکان. هەر لەبەرئەوەشە کە تیۆری لیبرالیزم بەکارهێنانی دەستەواژەی "جیهانی/ گەردونی- عالمي- Global /world" بە گونجاوتر دەزانێت لە دەستەواژەی "نێودەوڵەتی- الدولي- International" (مصطفى، ٢٠٢١، ١٦٣_١٦٤). خودی چەمکی "سیاسەتی جیهانی"؛ کە بەشێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن توێژەرە لیبرالیستەکان لە بەرامبەر "سیاسەتی نێودەوڵەتی" لای ڕیالیزم بەکار دەهێنرێت، گوزارشتە لەسەر ئەوەی کە لیبرالەکان سیاسەت لە چوارچێوەی نێودەوڵەتیدا یاخود بە تەنها لەنێوان دەوڵەتەکاندا قەتیس ناکەن، بەڵکو لە گۆشەیەکی فراوانتر و بەربلاوتر و گشتگیرتردا دەیبینن. هەربۆیەکە لە ستیڤ سمیس Steve Smith و جۆن بیلیس John Baylis؛ لە بەشی یەکەمی کتێبی "بەجیهانیبونی سیاسەتی جیهانی: دەروازەیەک بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان؛ The Globalization of Word Politics: An Introduction to International Relations"؛ لەبری "سیاسەتی نێودەوڵەتی" دۆزی سەرەکی کتێبەکە بۆ لێکۆڵینەوە لە بەجیهانیبونی سیاسەتی جیهانی تەرخان دەکەن. هۆکاری ئەوەش بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە لە ڕوانگەی ئەواندا لێکۆڵینەوە لە سیاسەتی جیهانی، گشتگیرتر و بەرفراوانترە لە لێکۆڵینەوە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی کە بەتەنها لە سیاسەت یان پەیوەندی نێوان دەوڵەتان دەکۆڵێتەوە (سمیث وبیلیس، ٢٠٠٤، ٣).

ستیڤین لامی Steven L. Lamy وایدەبینێت کە یەکێک لەو خاڵانەی جیاوازی نێوان هەردو تیۆری ڕیالیزمی نوێ و لیبرالیزمی نوێ ڕون دەکاتەوە ئەوەیە کە لە ڕوانگەی ڕیالیزمی نوێدا؛ پاشاگەردانی نێودەوڵەتی کاریگەری لەسەر دەوڵەتەکان هەیە کە گرنگییەکی باڵا بە ئاسایش و هێزی ڕێژەیی و کێبڕکێ و ململانێ لەپێناو مانەوەدا بدەن. بەڵام لە ڕوانگەی لیبرالیزمی نوێدا دەوڵەتەکان گرنگی بە خۆشگوزەرانی و پرسە ئابوریی و ناسەربازییەکانی دیکە و لەناویشیاندا پرسی ژینگەی جیهانی دەدەن (مصباح، ٢٠١١، ٢٣٠). هەروەک لە بەرامبەر گریمانەی ڕیالیستەکان سەبارەت بە پلەبەندی پرسەکانی سیاسەتی جیهانی لە پرسە سەربازییەکانەوە وەک سیاسەتی باڵا و، دانانی پرسە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان لە ڕیزبەندی دواتردا و لەژێر پۆلێنی سیاسەتە نزمەکاندا؛ لیبراڵەکان جەخت دەکەنەوە کە باوەڕهێنان بەو گریمانە و پۆلێنکارییە، وامان لێ دەکات کە بەردەوام سیاسەتی جیهانی وەک کایەیەکی پڕ لە ململانێ و جەنگ و کوشتار ببینین و ئەگەری هاریکاری و هەماهەنگی بەدور بزانین. هەربۆیە کیۆهین و نای؛ تەحەدای ئەو گریمانە ڕیالیستیانە دەکەن و باوەڕیان وایە کە دەتوانرێت گریمانەی هەبونی جیهانێک بکرێت کە پلەبەندی ڕون بۆ پرسەکان بونی نیە و هێزی سەربازیش بە تەنیا تاکە ئامرازی کاریگەری سیاسەتی جیهانی نەبێت. هەر ئەو جیهانەشە کە بە خاوەن تایبەتمەندی پشتپێکبەستنی ئاڵۆز دەستنیشانی دەکەن و پێیانوایە کە ئەوە جیهانە ڕاستەقینەکەیە کە بەدیهیاتوە، نەک ئەوەی کە لە ڕوانگەی تیۆری ڕیالیزمدا وەک ڕاستینە بانگەشەی بۆ دەکرێت (Keohane & Nye, 1997, 19_20).

ڕۆبێرت کیۆهین Robert O. Keohane و جۆزێف نای Joseph S. Nye؛ لە کتێبی هێز و پشتپێکبەستندا؛ جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە کارنامەی سیاسەتی جیهانی و پەیوەندی نێوان دەوڵەتان چەندان پرسی جیاجیا لەخۆی دەگرێت، بەبێ ئەوەی ئەو پرسانە بەشێوەیەکی پلەبەندی یاخود یەکگرتو و یەکپارچە ڕێکخستن و ڕیزبەند کرابن. ئەمەش بە گوزرارشتی ئەوە دادەنێن کە لە سەردەمی پشتپێکبەستنی ئاڵۆزدا؛ هەمیشە ئاسایش و لایەنی سەربازی پرسی باڵا و زاڵ نییە لە سیاسەتی جیهانیدا. بەڵکو هەندێک پرسی ناوخۆیی بۆ پرسی دەرەکی وەرچەرخاون، یاخود هەندێک پرس کاڵ بونەتەوە و هەندێکی دیکە سەریان هەڵداوە، زیاد لەوەش بە گوێرەی جیاوازی پرسەکان هاوپەیمانی جیاوازیش لە سەرانسەری جیهاندا دروست کراون (Keohane & Nye, 1997, 20_21). بەو شێوەیە لە ڕوانگەی لیبراڵەکاندا گۆڕانکاری جەوهەری لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ڕویداوە، یەکێک لەو بوارانەی ئەو گۆڕانکارییانە خۆیان لە ڕێکخستنەوەی ئەولەویەت و پرسەکانی سیاسەتی جیهانیدا دەبیننەوە. تیۆری لیبرالیزمی نوێ؛ وایدەبینێت کە چیتر بەدەستهێنانی هێزی سەربازی و زیاترکردنی ئەو هێزە و گەیشتن بە گرەنتی ئاسایش و مانەوە، تاکە ئامانجی باڵای دەوڵەتان نین وەک ئەوەی ڕیالیزم پێداگری لەسەر دەکرد. جۆزێف نای؛ جەخت دەکاتەوە کە بەرژەوەندییەکان فراوان و فرەشێوە بون، گەیشتن بە گەشەی ئابوری و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی چیتر ناکرێت وەک پرسی پەیوەندیدار بە سیاسەتە نزمەکان یاخود وەک کۆمەڵێک پرس و ئامانجی لاوەکی دابنرێن. هەروەک ئەوەش سەربار دەخەن کە چیتر ململانێی چەکداری و ناهاوسەنگی هێز و لایەنی سەربازی تاکە هەڕەشە نین بۆ سەر ئاسایشی جیهانی، بەڵکو سەرچاوەی ئەو هەڕەشانەش زۆر و فرەشێوە بون، پێیان وایە ئاسایشی نێودەوڵەتی وا فراوان کراوە و پێناسەکراوەتەوە کە ئەو هەڕەشە نوێیانەش لەخۆی دەگرێت کە مەترسی لەسەر جیهان دروست دەکەن (عدیلة، ٢٠١٦، ٢٥٠).

لەلایەکی دیکەوە تیۆری لیبرالیزم هاوڕانییە لەگەڵ ڕیالیزم سەبارەت بەوەی کە هێزی سەربازی پێکهێنەری تاقانەی هێز یاخود هەتا سەرەکیش بێت بۆ هێز، بەڵکو هێزی ئابوری و پێکهاتە جیاوازەکانی دیکەی هێز بە ڕەگەزی سەرەکی هێزی سیاسی دەزانن. نمونە بەوە دەهێننەوە کە دەوڵەتانی بەرهەمهێنەری نەوت ڕۆڵ و بەشدارییەکی کارایان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هەیە لە کاتێکدا ڕەنگە خاوەنی هێزی سەربازی زۆر کاریگەریش نەبن. هەروەک باس لەوە

دەکەن کە هەندێک کێشە و پرسی جیهانی هەیە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا قورسە بە هێزی سەربازی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، وەک پرسەکانی پەیوەست بە پیسبونی ژینگە، زیادبونی ژمارەی دانیشتوان و هەژاری. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بەهۆی هاوسەنگی ئەتۆمی جیهانی و پشتپێکبەستن و بەیەکداچونی پرس و بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکان، پەنابردن بۆ ئامرازی سەربازی و جەنگ لە یەکلاکردنەوەی کێشە و ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکاندا ڕووەو کەمبونەوە دەڕوات (رحیم، ٢٠١١، ٦٥). ستانلی هوفمان؛ ئاماژە بەو وەرچەخانە دەکات کە چیتر دەوڵەتان بە تەنها گرنگی بە پرسە سەربازیی و ئاسایشییەکان وەک سیاسەتی باڵا نادەن؛ هۆکاری ئەمەش پەیوەست دەکاتەوە بە چەند گۆڕانکارییەکی گرنگەوە، لەوانە (فەرەج، ٢٠١٨، ٢٥٥):

١. بەهێزترین ئامرازی هێزی سەربازی بریتییە لە چەکی ئەتۆمی، ئەویش لە ئێستادا بەکارهێنانەکەی کۆت و بەندکراوە.

٢. بەکارهێنانی چەکی کلاسیکی؛ لە ئێستادا کەمتر بوەتەوە و بەکارهێنانەکەشی تێچوی زۆری پێویستە.

٣. بەکارهێنانی هێزی سەربازی کۆتوبەند کراوە، هەمیشە ئاڕاستەیەکی ئاکاری دژی بەکارهێنانی هێزی سەربازی لە گەشەکردن و باڵابون دایە، بەتایبەتی لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا.

٤. هەندێک پرس و بابەت هەیە بە ئامرازە سەربازییەکان چارە ناکرێن، وەک پرسە ئابوریی و ژینگەییەکان.

ئەو بۆچونەی تیۆری لیبراڵیزمی نوێ، گەشبینی و تاڕادەیەک خۆشباوەڕی پێوە دیارە، ناتوانرێت نکوڵی لەو بەرەوپێشچونانە بکرێت کە بەسەر ڕوانگە و ڕەفتاری دەوڵەت و ئەکتەرەکانی سیاسەتی جیهانیدا هاتوە بۆ ململانێ و پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا، بەڵام لە ڕاستیدا جەنگ و بەریەککەوتنە سەربازییەکان کۆتاییان پێ نەهاتوە، دەوڵەتان پشتیان لە هێز و خۆبەهێزکردنی زیاتر و بەلاوە نانی ئامرازە سەربازییەکان و چەک و پێداویستییە سەربازییەکان نەهێناوە. هەروەک گۆڕەپانی سیاسەتی جیهانی تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش جەنگ و بەریەککەوتنی سەربازی ڕاستەوخۆی دەوڵەت و ئەکتەرە سیاسییەکان بەخۆیەوە دەبینێت، لەشێوەی جەنگی ڕوسیا_ ئۆکرانیا، ئیسرائیل_حەماس، گرژییە بەردەوامەکانی نێوان چین و تایوان و هەردو کۆریایی باکور و باشور، چەند نمونەیەکی بەرچاون. نەک هەر ئەوە بەڵکو پێشکەوتوترین و ئارامترین دەوڵەتانی جیهانیش وازیان لە دروستکردن و کڕین و پەرەپێدانی چەکە سەربازییەکان نەهێناوە، لەوانە بەریتانیا و پۆڵەندا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە وڵاتە گەورەکانی دیکەی لەشێوەی چین و هیندستان، کڕین و هاوردەکردن چەک و پێداویستیە جەنگییەکانی دیکە و پەرەپێدان و بەرهەمهێنانیان لە ناوخۆی خۆیاندا، کارێکی لەپێشینەی ئامانجەکانیانە. بەڵام هێشتا لیبراڵە نوێیەکان پێداگرن لەسەر ئەوەی کە لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتنی مێژوی دوای وێستڤاڵیا، یەکێک لەو بابەتانەی کە گەشەی کردوە بریتییە لە بونی دۆخێکی نێودەوڵەتی کە تیایدا دیاردەی پشتبەستنی دەوڵەتەکان بەیەکتر لە بوارە جیاجیاکاندا زیادیکردوە. ئەمەش هاوکار و یارمەتیدەر بوە بۆ گەشەی تەکنەلۆژی و پیشەسازی نوێ، ئەو گەشەیەیی کۆتایش سەریکێشاوە بۆ هەماهەنگی زیاتر و بەدیهێنانی بەرژەوەندی و سود و دەستکەوتی هاوبەشی زیاتر. کەواتە بابەتی پشتبەیەکتربەستنی ئاڵوگۆڕکاری نێودەوڵەتی لەلای لیبراڵە نوێیەکان، لە دەرئەنجامی ڕێگاخۆشکردنێکی مێژویی بۆ ڕەخساندنی ژینگەیەکی لەبار لەپێناو بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی دەوڵەتەکان و هاوکاریکردنی یەکتریان هاتۆتە دی (فوکر، ٢٠١٦، ٣٠١). لێکۆڵینەوەکانی پەیوەست بە پشتپێکبەستنی ئاڵوگۆڕکار لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردودا، بەتایبەت لە ڕێگای بەشدارییەکانی هەردو تیۆرسێن (ڕۆبێرت کیۆهین Robert Keohane و جەیمس ڕۆزناو James Rosenau)ەوە، جەختیان لەسەر کاریگەری دیاردەی پەیوەندییە ئابورییە سنوربڕە نەتەوەییەکان لەسەر گۆڕینی یەکەمینایەتی ئامانج و پرسەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی کردەوە. بەتایبەت پەیوەست بە وەرچەرخان لە گرنگیپێدان بە جەنگ و پرسە سەربازییەکان وەک کۆمەڵێک پرسی پەیوەندیدار بە (سیاسەتی باڵا)، بەرەو بەرەو ئەو پرسانەی کە

ئەدەبیاتی تیۆری ڕیاڵیزم بە پرسەکانی پەیوەست بە (سیاسەتی نزم) دەیناساندن و زیاتر پرسەکانی پەیوەست بە لایەنی ئابوری و بازرگانی و ژینگەیی لەخۆیان دەگرن (الكناني، ٢٠٢٠، ٣٣٠).

بەو شێوەیە لە دەیەیی هەشتاکانەوە، ئەو دابەشکارییەی کە لە ڕوانگەی ڕیاڵیزمدا بۆ سیاسەتی بەرز و سیاسەتی نزم دەکرا، بەرەو پاشەکەشەی زیاتر ڕۆیشت. بەتایبەت لە دەرئەنجامی گرنگیپێدانی زیاتر بەو پرسانەی دەخرانە چوارچێوەی سیاسەتە نزمەکانەوە هەم لەلایەن جەماوەر و هەمیش لەلایەن دروستکەرانی بڕیار و هەمیش لەسەر ئاستی تیۆری لەلایەن لایەنگرانی تیۆری لیبراڵیزمەوە (Sato, 2010, 43). لە ڕوانگەی لیبراڵەکاندا، پرسەکانی چوارچێوەی سیاسەتە نزمەکان ئاسانتر و گونجاوترن بۆ ئەنجامدانی هاریکاری جیهانی دەربارەیان. پێشبینیدەکەن کە دانوستان و هاریکاری سەبارەت بە پرسە بازرگانی، پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکان سودبەخشتر و سەرکەوتوتر دەبێت، چونکە لەو بوارانەدا بۆ نمونە لە کردەی بازرگانی هاوبەشدا؛ ژینەگەیەکی لەبار بۆ لایەنەکان دەرەخسێنرێت، سەرجەم لایەنەکان بە ڕێژەی جیاواز لە بەدەستهێنانی دەستکەوتی هاوبەش سودمەند دەبن. بەڵام هەوڵدان بۆ دانوستان و بەدیهێنانی هاریکاری لە بوارە سەربازییەکان و بونیادنانی سیستەمی بەرگری هاوبەش و کڕین و فرۆشتنی چەک و تەقەمەنی؛ هەمیشە قورستر دەبێت (Sato, 2010, 43_44).

بەتایبەتتر لەدوای جەنگی ساردەوە کۆمەڵێک پرسی دیکەی گرنگ بە شێوەیەکی کاریگەرتر بونە چەقی گرنگیپێدانەکانی سیاسەتی جیهانی، لەشێوەی گۆڕانکارییە دیموکراسیەکان، لاکردنەوەی زیاتر لە مافەکانی مرۆڤ، ململانێ ڕەگەزی و نەژادی و شارستانیەتە جیاوازەکان، پرسەکانی پەیوەست بە تیرۆر و توندوتیژی نێودەوڵەتی، بازرگانی نێودەوڵەتی چەک و ماددە هۆشبەرەکان، کێشە ژینگەییە مەترسیدارەکان و چەندان پرسی دیکە. لە ڕوانگەی لیبراڵیزمی نوێدا؛ هەریەکێک لەو پرسانە پرسی جیهانین بە تەنها پەیوەست نین بە کۆمەڵگا و ناوخۆی دەوڵەتێک، یاخود هەرێمێک و نێوان چەند دەوڵەتێک، بەڵکو بە پرسی کاریگەری جیهانی دادەنرێن و هەوڵەکانی بەرەنگاربونەوە و چارەسەرکردنیشیان بە تەنها لە ئەستۆ و توانای دەوڵەتاندا نییە، بەڵکو پێویستیان بە هەماهەنگی کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی و ئەکتەر و دامەزراوە دەوڵەتی و نادەوڵەتییە جۆراوجۆرەکان هەیە (رمازنية، ٢٠١٤_٢٠١٥، ٦٣). پرسی پیسبونی ژینگەی جیهانی یەکێکە لە پرسە گەورە و کاریگەرە جیهانییەکان کە لە ڕوانگەی لیبراڵەکاندا بەخێراییەکی زۆر سنوری دەوڵەتان دەبڕێت و ناشتوانرێت بە سیاسەتی تاکلایەنەی دەوڵەتان یاخود بە ڕێگای توندوتیژی و کلاسیکی چارەسەر بکرێت، بەڵام چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بۆ سەرجەم دەوڵەتان بەرژەوەندییەکی هاوبەشە و ناچارن لەو ڕووەوە هاوکاری و هەماهەنگی یەکتری بکەن (فوکر، ٢٠١٦، ٣٠٢).

دیدگای تیۆری لیبراڵیزم زۆرجار بە دیدگایەک بۆ بە مرۆڤایەتیکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بە سەنتەردانانی بەرژەوەندییە مرۆییەکان لە بوارە جیاوازەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دادەنرێت (رمازنية، ٢٠١٤_٢٠١٥، 61)، چونکە گرنگییەکی بەرچاو بەو بابەت و پرسە گرنگە نوێیانە دەدات کە بەرەنگاری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هاوچەرخ بونەتەوە، تێگەیشتن لەو پرسانە و گرنگیدان پێیان بە دەروازەیەکی زۆر گرنگ بۆ تێگەیشتن لەو وەرچەرخانانە دەزانن کە سیستەمی نێودەوڵەتی بە تایبەت لەژێر کاریگەری گۆڕاو و فاکتەرە ئابورییەکاندا بەخۆیەوە دەبینێت. بە مانایەکی فراوانتر، لە ڕوانگەی لیبراڵیزمدا؛ سەرچاوەی گرفت و تەنگەژە جیهانییەکان ئەو تەنگەژانەن کە ڕوبەڕوی هەمو ڕەگەزی مرۆڤایەتی بونەتەوە و، بە خێراییەکی بێ وێنە کاریگەری و مەترسییەکانیان لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی زیاتر دەبێت، لەوانە: گرفتەکانی ناهاوسەنگی ژینگەیی کە هەڕەشە لەسەر ژیان و تەنانەت لەناوچونی گۆی زەوی دەکەن. گرفتەکانی پەیوەست بە کەمبونەوەی سەرچاوەکانی وزە، گرفتەکانی پەیوەست بە هەژاری و برسیەتی و کەمبونەوەی خۆراک و زیادبونی بەرچاوی ژمارەی

دانیشتوانی جیهان. سەرباری گرفتەکانی پەیوەست بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا. ئەمانە لە ڕوانگەی لیبراڵەکانەوە کۆمەڵێک پرس و تەنگەژەن کە بەرۆکی جیهانیان گرتوە. بەهۆی مانەوەی سەروەری دەوڵەتان، هەماهەنگییە جیهانییەکان وەک پێویست سەرکەوتو نەبون لە بەرەنگاربونەوەی ئەو مەترسیانە، لە کاتێکدا بە تێڕوانینی لیبراڵەکان مەترسی ئەو پرسانە لەسەر ئاسایشی جیهانی لە مەترسی جەنگ و کاولکاری و پێکدادانە سەربازییەکان کەمتر نییە، بۆیە پێداگرن کە نابێت ئەو پرسەنە بخرێنە پەراوێزەوە یاخود پلەبەندییەکی نزمتر بە بەراورد لەگەڵ پرسە سەربازییەکاندا (فەرەج، ٢٠١٨، ٢٥٦_٢٥٧). بەو شێوەیە لە ڕوانگەی لیبراڵەکاندا؛ پرسە ئابورییەکان دەبێت وەک پرسی گەورە و کاریگەر یاخود هاوشێوەی قەیرانی گەورە و کاریگەر سەیر بکرێن. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە سیاسەتەکانی پەیوەست بە پرسە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندیدارن بە پرسەکانی ژیان و مردنی مرۆڤەکانەوە و، پرسە ژینگەییەکانیش زۆرجار لەلایەن دەوڵەتان و سەرکردە سیاسییەکان و دروستکەرانی بڕیاری سیاسەتی جیهانییەوە دەخرێنە ڕیزبەندی پێشەوەی ئەو پرسە سیاسیانەی کە دەبێت بە حەتمی گرنگییان پێبدرێت (ویلتس، ٢٠٠٤، ٦٣٨).

کیۆهین و نای؛ دان بەوەدا دەنێن کە ڕوبەرێکی بەرفراوانی ئەو ژینگەیە کە سیاسەتی جیهانی تێدا بەڕێوەدەچێت تا ئێستا تەواو ڕێکخراو و بەهێز و سەربەخۆ نییە هاوشێوەی ئەوەی کە لەناوخۆدا هەیە، بەڵام هێشتا بەباوەڕی ئەوان ناکرێت وەک جیهانێکی تەواو نارێکخراویش ببینرێت. بەڵکو جەخت دەکەنەوە کە هەندێک یاسای نیشتیمانی، هەندێک ڕێسا و یاسای نێودەوڵەتی و ڕێکخراو و دامەزراوەی جیهانی بونیان هەیە کە نابێت ڕۆڵیان لە ڕێکخستنی سیاسەت و پرسە جیهانیکاندا نادیدە بگیرێت یاخود بە کەمبایەخ سەیر بکرێت. ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ڕاستە بە گشتی یەکگرتنی جیهانی تا ئێستاش لاوازە و بارودۆخی نێودەوڵەتی پاشاگەردانییە، بەڵام ئەو ڕێسا و یاسا و ڕێکخراوانە هەموویان بەیەکەوە ڕژێمێکی نێودەوڵەتی پێکدەهێنن کە کاریگەری گرنگیان لەسەر بەرەوپێشبردنی پرۆسەی پشتپێکبەستنی نێوان دەوڵەتان هەیە. لێرەدا نمونە بەوە دەهێننەوە کە لە دوای جەنگی دوەمی جیهانییەوە کۆمەڵێک ڕێسا و ڕێکاری تایبەت پەرەی پێدراوە لەپێناو هاندانی دەوڵەت و ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکانی دیکە لە بوارەکانی پاراستنی ژینگە، سامانی ماسی، سیاسەتی خۆراکی جیهانی، هەماهەنگی نێودەوڵەتی، سیاسەتی دراوی نێودەوڵەتی، بوارەکانی پەیوەست بە لایەنی ئابوری و بازرگانی نێودەوڵەتی و سیاسەتی کەشتیوانی نێودەوڵەتی و هتد... کاریگەری ڕژێمە نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئەو پرسانە لە بوارێکەوە بۆ بوارێکی دیکە جیاواز بوە، بەڵام بە گشتی کاریگەری بەرچاویان لەسەر چەند لایەنێکی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتان و پشتپێکبەستنی نێوانیان لە بوار و پرسە جیاوازەکاندا هەبوە (Keohane & Nye, 1997, 17).

بەو جۆرە تیۆری لیبراڵیزمی دامەزراوەیی نوێ؛ ئەگەرچی تیۆرێکی ئایدیاڵی یان خۆشباوەڕ نیە سەبارەت بە سیاسەتی جیهانی، بەڵام لە هەمان کاتدا لەگەڵ ئەو بانگەشە ڕەشبینانەی ڕیالیزم هاوڕا نیە کە پێیان وایە سیاسەتی جیهانی دۆخێکی جەنگئامێزە لەنێوان ئەکتەرە سیاسییە باڵادەستەکاندا لە ژینگەیەکی پاشاگەردانی نێودەوڵەتیدا و هەردەوڵەتێک پشت بە هێز و ئامرازەکانی خۆی دەبەستێت بۆ پاراستنی خۆی. بەڵکو ڕۆبێرت کیۆهین؛ پێداگرە کە لەگەڵ ململانێدا؛ سیاسەتی جیهانی هاریکاریش لەخۆی دەگرێت، بەتایبەت دروستکردنی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان، بە نمایندەی ڕۆڵگێڕانێکی هاوبەشی جیهانی دەزانن لەپێناو هاریکاری و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە پرسە هەمەچەشنەکانی لەشێوەی بازرگانی، پرسە داراییەکان، لایەنی تەندروستی و پاراستنی ژینگە (Keohane, After hegemony, 1984, 7). لە پراکتیکیشدا کاریگەری دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان لەسەر هاریکاری نێودەوڵەتی بوە بە ڕاستییەکی نکوڵی لێنەکراوی ناو بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بەجۆرێک لەرێگای ئەو دامەزراوە نێودەوڵەتیانەوە حکومەتە بەهێز و لاوازەکان، دەوڵەمەند و هەژارەکان، بون بە بەشێک لە تۆڕێکی ئاڵۆزی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و بەشدار لە کۆڕبەندە

جیهانییەکاندا. بەو جۆرە هەموویان بە ئەندازەی جیاواز بەشدارن لەو پرۆسەیەی کە بە هاریکاری نێودەوڵەتی یان جیهانی ناو دەبرێت. هەروەک هاریکاری نێودەوڵەتی بە تەنیا پرۆسەیەکی هاوبەشی نێوان حکومەت و دامەزراوەکان و دەوڵەتان نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی چڕوپڕتر و ئاڵۆزترە، مانای پێکەوەکارکردنی حکومەت و دامەزراوەکان و کەناڵ و ئەکتەرە جیاوازەکانە لەسەر دانانی بەرنامە هاوبەشەکان و لەبەرچاوگرتنی کێشە و پرسە جیاوازەکان لە کۆمەڵگا جیاوازەکان و تەنانەت لە سەرانسەری جیهاندا (Sato, 2010, 42). بەڵام لێرەدا گرنگە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە کاریگەری دەوڵەتە بەهێزەکان و زلهێزە جیهانییەکان لەسەر دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان لە ئاستێکی باڵا دایە، بگرە هەندێکجار دامەزراوە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە ئامرازی دەستی دەوڵەتە سەرمایەدار و زلهێزەکانن و بە گوێرەی خواست و ئامانجەکانی ئەوان جوڵە و چالاکی و ڕەفتار دەنوێنن. لەلایەکی دیکەوە ئەو دەوڵەتانە بەهۆی ئەو دەوڵەتانە بەهۆی بەهێزی ئابورییەکەیان و لایەنی داراییان، ئەرکی پارەدارکردنی زیاتری ئەو دامەزراوە نێودەوڵەتیانە لە ئەستۆ دەگرن، لەبەرئەوەشە زۆرجار بەشێوەی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ بێت کاریگەرییان لەسەر بڕیارەکانیان دەبێت. بۆ نمونە لە دوای گەیشتنی دۆناڵد ترەمپ بە سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان ڕاستەوخۆ بڕیاری پاشەکەشەی وڵاتەکەی لە ڕێککەوتننامەی پاریس بۆ گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا دا و یارمەتییە داراییەکانی وڵاتەکەی لەو پێناوەدا ڕاگرت، ئەمەش دەنگدانەوەیەکی بەرفراوانی جیهانی لێکەوتەوە و بە مەترسی گەورە لەسەر هەوڵە جیهانییەکانی بەرەنگاربونەوەی گۆڕانکارییە مەترسیدارەکانی کەشوهەوا دانرا.

لە ڕوانگەی تیۆری لیبراڵیزمەوە زیادبونی مامەڵەکان، هۆشیاری و نیگەرانی هاوبەش لەسەر کێشە ناوچەیی و جیهانییەکان پێویستی بە هاریکاری نێوان دەوڵەتان، ڕێکخراوە سنوربڕەکان Transnational و کۆمەڵگا جیاوازەکان هەیە. لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و نەمانی کێبڕکێی ئایدیۆلۆژی، بەشداری ئەو ئەکتەرە نادەوڵەتییانە لە سیاسەتی نیشتیمانی، ناوچەیی، نێودەوڵەتی و جیهانیدا زیاتر بوە (Ataman, 2003, 62). لیبراڵەکان وایدەبینن کە ئەکتەرە نادەوڵەتییە جیهانییەکان کاریگەری بەرچاویان هەیە لەسەر کەمکردنەوەی گومان و نادڵنیاییەکانی نێوان دەوڵەتان و چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکان لەنێوانیاندا. تەنانەت هەندێکجار ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی نۆڕمە نێودەوڵەتییەکان و ڕەفتاری دەوڵەتە نەتەوەییەکانیش هەیە. بۆ نمونە بەرنامەی ژینگەی نەتەوە یەکگرتوەکان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبو لە دروستکردنی ڕژێمەکانی لەشێوەی پاراستنی دەریایی ناوەڕاست و پاراستنی چینە ئۆزۆنەکان (Ataman, 2003, 43-44). هەروەها ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم بە وردی چاودێری بانگەشە و مەترسییەکانی بڵابونەوەی چەکی ئەتۆمی دەکات و هەوڵی ڕێگریکردن لە بڵاوبونەوەی ئەو چەکە دەدات. ڕێکخراوەکانی دیکەی لەشێوەی نەتەوە یەکگرتوەکان و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی؛ ڕۆڵی گرنگ لە سیاسەت و ئابوری جیهانی و پرسە هاوچەرخە جیهانییەکاندا دەگێڕن (Ataman, 2003, 44).

بەو جۆرە جیهان لە سەردەمی ئێستادا پەرەسەندنێکی بەرچاوی لە مەترسییە ئابوری، ژینگەیی، ململانێ سیاسییەکان، دەستێوەردانی سەربازی، تیرۆرستی و تەندروستییەکان بەخۆییەوە بینیوە، بەجۆرێک ئەو مەترسیانە سنوری هەرێمیان تێپەڕاندوە و بە هەڕەشەی نێودەوڵەتی و جیهانی ئەژمار دەکرێن بۆ سەرجەم دەوڵەت و گەلان سەرەڕای بەهێزبون و پێشکەوتنیان، هەر لەبەرئەوەیە بەرەنگاربونەوەی ئەو هەڕەشانە پێویستی بە کاری بەکۆمەڵی نێودەوڵەتی و جیهانی، حکومی و ناحکومی نێودەوڵەتی هەیە لەپێناو پاراستنی ئاسایشی مرۆیی و مافەکانی مرۆڤ و بەدیهێنانی بەرژەوەندییە دولایەنەکان لەنێوان دەوڵەت و گەلاندا لەڕێگای ئەو کارە بەکۆمەڵییانەوە (البرزنجي، ٢١٣، ١٠٢_١٠٣).

لێرەوە دەکرێت بگوترێت کە لە ڕوانگەی لیبراڵیزمی دامەزراوەیی نوێدا، ڕیزبەندکردنی هەرەمی و دابەشکردنی پرسە سیاسییە جیهانییەکان بۆ پرسە باڵا و نزمەکان، لەبەرچاو ناگیرێت. بەڵکو وایدەبینن پرسە ئابوری و ژینگەییەکان هاوشانی پرسە سیاسی و ئاسایشییەکان گرنگن تەنانەت ڕەنگە هەندێکجار گرنگتریش بن. بە مانایەکی دیکە لیبراڵیزمی دامەزراوەیی نوێ لەگەڵ پرسە ئەمنی و سەربازییەکاندا؛ گرنگیدان بە پرسەکانی دیکەی لەشێوەی پرسە ئابوریی و ژینگەییەکانیش بە بەشێک لە بەرژەوەندییە باڵاکان و سەرچاوەی سەرەکی فەراهەمکردنی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی دەزانن.

## دەرئەنجامەکان

**لە کۆتایی توێژینەوەکەدا، دەگەینە کۆمەڵێک دەرئەنجامی زانستی گرنگ، لەوانە:**

- تیۆری لیبراڵیزم بە سەرجەم لق و ئاراستە تیۆرییەکانەوە خاوەنی دیدگای گەشبینترن سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ و دواتر ڕەنگدانەوەی ئەو سروشتە لە ڕەفتاری دەوڵەت و ئەکتەرەکانی سیاسەتی جیهانیدا و دواتریش هاریکارییەکانیان سەبارەت بە پرس و تەنگەژە جیهانییەکان.
- لە ڕوانگەی ئاراستە تیۆرییە لیبراڵەکاندا، بە تایبەتتر لە ڕوانگەی تیۆری لیبراڵیزمی دامەزراوەیی نوێدا؛ پرسەکانی سیاسەتی جیهانی بەشێوەیەکی پلەبەندی بەسەر پرسەکانی پەیوەست بە سیاسەتە باڵا و سیاسەتە نزمەکاندا پۆلێن ناکرێن. بەڵکو باوەڕیان وایە کە هەندێکجار پرسە ناسەربازییەکانی لەشێوەی پرسە ئاکاری، ئابوری و ژینگەییەکان، هاوشێوەی پرسە سەربازی و ئاسایشی و ستراتیژییەکان، پێگە و شوێنی گرنگ لە سیاسەتی جیهانیدا دەگرن.
- لە ڕوانگەی ئاراستەی تیۆری لیبراڵیزمی نمونەیدا، پاراستنی بنەما و پرەنسیپە ئاکاری و ئەخلاقییەکان و پاراستنی ژینگەی جیهانی، پەرەدان بە هاریکاری و پێکەوەژیان، بەدیهێنانی دیموکراسی و ئاشتی و ئاسایشی جیهانی، پرسی گرنگ و باڵان. باوەڕیان بە پێکەوەگونجانی بەرژەوەندییەکان و ئاسایشی بە کۆمەڵ هەیە، ئامانجیان گەیشتنە بە جیهانێکی سەقامگیر کە جەنگ و کوشتار تیایدا بونی نەمێنێت.
- لە ڕوانگەی ئاراستەی تیۆری لیبراڵیزمی ئاشتی دیموکراسیدا، گەیشتن بە ئاشتی هەمیشەیی جیهانی پرسێکی هەرە گرنگ و باڵایە، پێشمەرجی سەرەکیش بۆ گەیشتن بەو ئامانجە بە بڵاوکردنەوەی دیموکراسی جیهانی دەزانن. بەو مانایەیی وایدەبینن کە پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی بەهێز لەنێوان پرسی بەدیموکراسیبون و بەدیهێنانی ئاشتیدا هەیە. هەتاوەکو دیموکراسی زیاتر لەنێوان وڵاتاندا بڵاوببێتەوە، جیهان لە مەترسی جەنگ و پێکدادانی سەربازی زیاتر دور دەکەوێتەوە و باشتر دەتوانن پەرە بە هاریکاری نێوانیان بۆ بەرەنگاربونەوەی قەیران و تەنگەژە جیهانییەکان و لەناویاندا مەترسییەکانی پیسبونی ژینگەی جیهان بدەن.
- لە ڕوانگەی ئاراستە تیۆرییە لیبراڵەکاندا و بەتایبەتتر لە ڕوانگەی تیۆری لیبراڵیزمی دامەزراوەییدا؛ زاڵبون بەسەر پرسە هونەری و تەکنیکییەکاندا و چارەسەرکردنی تەنگەژە و گرفتە ناسەربازییەکانی لەشێوەی پیسبونی ژینگە و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، کاریگەری ڕاستەوخۆی ئەرێنی لەسەر هەنگاونان بەرەو چارەسەرکردنی پرسە سیاسی و سەربازی و ستراتیژییەکان دەبێت.
- لە ڕوانگەی تیۆری لیبراڵیزمدا چارەسەرکردنی پرسە جیهانییەکان بەشێوەی سیاسەتی هەنگاوبەهەنگاو دەبێت، نەوەک بەشێوەیەکی گشتگیر و ڕادیکاڵ.
- تیۆری لیبراڵیزم بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرس و تەنگەژە جیهانییەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنیدا، لە پاڵ دەوڵەتاندا، جەخت لەسەر ڕۆڵی باڵای ڕێکخراو و دامەزراوە نادەوڵەتییە سنوربڕ و جیهانییەکان دەکەنەوە. ئەمەش بە پێچەوانەی

ڕوانگەی تیۆری ڕیالیزمەوە کە بۆ چارەسەرکردنی پرس و تەنگەژە نێودەوڵەتییەکان ڕۆڵی باڵا بە دەوڵەت و ڕۆڵێکی لاوەکی بە ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان دەبەخشێت.

- بەشێوەیەکی گشتی ئاراستە تیۆرییە لیبراڵەکان، خاوەنی دیدگای ئایدیالین سەبارەت بە پرسە ژینگەیی و ئاکاری و ئەخلاقییەکان، بڵاوکردنەوەی دیموکراسی و ئاشتی و ئاسایش، نەهێشتنی جەنگ و ململانێ سەربازییەکان، دەستەبەرکردنی هاریکاری نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربونەوەی قەیران و تەنگەژە جیهانییەکانی لەشێوەی پیسبونی ژینگە و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا. ئەگەرچی لە لایەنی تیۆرییەوە بۆچونەکان سەرنجڕاکێشن، بەڵام پراکتیککردنیان لە مەیدانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا و گەیشتن بە جیهانێکی پارێزراو لە تەنگەژە و قەیرانە مەترسیدارەکان، تا ئێستا بەدینەهاتوە. پرسی پیسبونی ژینگە و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و گەرمبونی گۆی زەوی، سەرەڕای ئەوەی پێگەی بەهێز لەناو ئاراستە تیۆرییە لیبراڵەکاندا دەگرن و گرنگی بەرچاویان پێ دەدرێت، بەڵام هێشتا یەکێکن لەو پرسانەی نەک چارەسەرنەکراون، بەڵکو مەترسی و دەرهاویشتە نەرێنییەکانیان ڕو لە زیادبونن.

## سەرچاوەکان


ئەلعیقابی، عەلی عەودە (٢٠٠٨): لێکۆڵینەوە لە بنەڕەت و مێژو، و: عومەر عەبدوڵلا حەسەن، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

فەرەج، ئەنوەر محەمەد (٢٠١٨): تیۆری ڕیالیزم لە پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکاندا: لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی بەراوردکارییە لەبەر ڕۆشنایی تیۆرە هاوچەرخەکاندا، سلێمانی: چاپخانەی تاران.

کانت، ئیمانوێل (٢٠١٧): بەرەو ئاشتی هەمیشەیی، و: ڕێبین ڕەسوڵ، سلێمانی: چاپخانەی حەمدی.

کاکەامین، زانا تۆفیق (٢٠٢٠): تیۆری جەنگی ڕەوا و ئاشتی جیهانی (لێکۆڵینەوە لە جەنگی دژ بە تیرۆر)، تێزی دکتۆرا، سلێمانی: کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی.

Chernoff, Fred (2007): Theory and Metatheory in International Relations: Concepts and Contending Accounts, New York: Palgrave Macmillan.

Doyle, Michael W. (2012): Liberal Peace: Selected Essays, London: Routledge.

Kant, Immanuel (1917): Perpetual Peace: A philosophical Essay, Translated: M. Campbell Smith M.A., Third Edition, New York: The Macmillan Company,

Kegley, Charles (1995): Controversies in International Relations Theory: Realism and the Neoliberal Challenge, New York: St. Martin's Press.

Keohane, Robert O. (1984): After Hegemony: Cooperation and Discord in the World Political Economy, New Jersy: Princeton University Press.

Keohane, Robert O. and Nye, Joseph S. (1997): Power and Interdependence, Fourth Edition, United State: Longman.

McDonald, Patrick J. (2009): The Invisible Hand of Peace: Capitalism, The War Machine, and International Relations Theory, Cambridge: Cambridge University Press.

Weber, Cynthia (2005): International Relations Theory: A Critical Introduction, Second Edition, London: By Routledge.

Barkawi, Tarak and Laffey, Mark (2001): 'Introduction: The International Relations of Democracy, Liberalism, and War', From: Barkawi, Tarak and Laffey, Mark (Editors), Democracy, Liberalism, and War, London: Lynne Rinner Publishers.

Alshdaifat, Shadi A. (2020): “idealism and Realism in International Relations: A Dichotomy of Failure”, Journal of Law”, Vol. 17, Issue 1.

Atman, Muhittin (Fall 2003): “The Impact of Non-State Actors on World Politics: A Challenge to Nation-States”, Turkish Journal of International Relations, Vol. 2, No. 1.

Fernandes, Vitor Ramon (2016): “Idealism and Realism International Relations: An Ontological Debate”, e-Journal of International Relations, Vol. 7, No. 2.

Grieco, Joseph M. (Summer 1988): “Anarchy and the Limits of Cooperation: A realist Critique of the Newest Liberal Institution”, International Organization Journal, Vol. 42, No.3.

Kegley, Charles, (1993): “The Neoidealist Moment in International Studies? Realist Myths and the New International Relations”, International Studies Quarterly, Vol. 37, No. 2, 131.

Manan, Munafrizal, (September 2014): “The Democratic Peace Theory and Its Problems”, Jurnal Ilmiah Hubungan Internasional, Vol. 10, No. 2.

Sato, Eiiti (March 2010): “International cooperation: an essential component of international relations”, RECIIS, Vol. 4, No. 1.

“Realism and Idealism In International Relations”, StudyMoose Website, Available at:-
https://studymoose.com/idealism-vs-realism-in-international-relations-essay (Accessed 20 December 2023).

“The Fourteen Points: Woodrow Wilson and the U.S. Rejection of the Treaty of Versailles”, The National WWI Museum and Memorial, Available at:-
https://www.theworldwar.org/learn/peace/fourteen-points (accessed 2 February 2023).

Doyle, Michael W. ‘Liberal Internationalism: Peace, War and Democracy, The Noble Prize Site’, Available at:-
https://www.nobelprize.org/prizes/themes/liberal-internationalism-peace-war-and-democracy/
(Accessed from 17 October 2023).

البرزنجي، دانا علي صالح (٢٠١٣): ثورة الاتصالات والتعاون الدولي في ظل العولمة، السليمانية: مطبعة شڤان.

بيليس، جون (٢٠٠٤): الأمن الدولي في حقبة ما بعد الحرب الباردة، عن: بيليس، جون؛ سميث، ستيف (المحررين): عولمة السياسة العالمية، دبي: مركز خليج للأبحاث.

توفيق، سعد حقي (٢٠٠٩): مبادئ العلاقات الدولية، الطبعة الرابعة، القاهرة: شركة العاتك لصناعة الكتاب.

العلاق، يسرى كريم (٢٠٢٠): الحكومة العالمية وتطورات النظام الدولي عمان: دار الخليج للنشر والتوزيع.

الكناني، إياد هلال (٢٠٢٠): الحكم العالمي في دراسة العلاقات الدولية بعد الحرب الباردة، عمان: دار الخليج للنشر والتوزيع.

مصباح، عامر (٢٠٠٨): نظرية العلاقات الدولية: الحوارات النظرية الكبرى، القاهرة: دار الكتاب الحديث.

راسيت، بروس (٢٠١٦): الليبرالية، عن: دان، تيم؛ كوركي، ميليا؛ سميث، ستيف (المحررين)، نظريات العلاقات الدولية: التخصص والتنوع، ت: ديما الخضرا، بيروت: المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات.

ستيف سميث وجون بيليس: عولمة السياسة: عن: بيلس، جون؛ سميث، ستيف، (المحررين)، (المحررين): عولمة السياسة العالمية، ت: مركز خليج للأبحاث، دبي: مركز خليج للأبحاث.

فوكر، جينيفر ستيرلنغ (٢٠١٦): الليبرالية الجديدة، عن: تيم دان، كوركي، ميليا؛ سميث، ستيف (المحررين)، ت: ديما الخضرا، نظريات العلاقات الدولية: التخصص والتنوع، بيروت: المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات.

ويلتس، بيتر(٢٠٠٤): الأطراف المتخطية للحدود الوطنية والمنظمات الدولية في السياسة العالمية، بيلس، جون؛ سميث، ستيف (المحررين): عولمة السياسة العالمية، ت: مركز خليج للأبحاث، دبي: مركز خليج للأبحاث.

رحيم، ئاكۆ حەمەكريم (٢٠١١): "القوة الناعمة في العلاقات الدولية (دراسة تحليلية مقارنة)"، اطروحة دكتوراه، السليمانية: كلية العلوم السياسية، جامعة السليمانية.

رمازنية، فريد (٢٠١٤_٢٠١٥): دور الفواعل غير الدولاتية في العلاقات الدولية في فترة ما بعد الحرب الباردة، بحث ماستر، جامعة ٠٨ ماي ١٩٤٥_قالمة.

فوزية، صوالح (٢٠١٨_٢٠١٩): "مبدأ التفويض في المدرسة الوظيفية في العلاقات الدولية (دراسة المقارنة بين الأتحاد الأفريقي والأوروبي نموذجا)"، بحث الماستر، كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة قاصدي مرباح_ورقلة.

عديلة، محمد الطاهر (٢٠١٦): "الجدل الليبرالي/ الواقعي حول دور الإعتماد المتبادل في تعزيز الأمن الدولي"، مجلة دفاتر السياسة والقانون، العدد ١٥.

مصطفى، مروة خليل محمد (٢٠٢١): "القدرة التفسيرية للنظرية الليبرالية في عالم متغير: دراسة تقويمية"، المجلة العلمية لكلية الدراسات الإقتصادية والعلوم السياسية، المجلد ٦، العدد ١١.